دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٩٧،دووشەممە٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی،٢٠ی مارسی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com



پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب ٤

ئامارەکان لەسەر ئابووریی دەدوێن ٧



بۆ ناتوانین خۆمان بە خۆمان بناسێنین ٨

هەڵاواردنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار ١٠

نەورۆز دەتوانێ هێمایەک بێت بۆ ڕاسانی خۆرهەڵات

جارێکی دیکە بڵێسەی ئاگری نەورۆز، پەیامی ڕزگاری و ژیانەوەی لە شار و گوند و شاخە سەرکەشەکانی کوردستاندا بڵاو کردەوە.

بەم بۆنەیەوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی میوانان، ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی سروودێك لە ژێر ناوی "نەورۆز" لە لایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی کۆمیسیۆنی پەروەردەوە دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرەفی لە وتەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ و جێژنی نەوەرۆز وەك هێمایەکی نەتەوەیی کورد لە ڕۆڵەکانی کورد بە گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، ئاواتی ئەوەی خواست کە ساڵی تازە ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی بۆ هەموو لایەك و ساڵی بەرینتربوونەوەی ڕاسان و گرێدانی خەباتی شار و شاخ و بەهێزتربوونی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێت و ڕایگەیاند:

"نەورۆز هێمایەکی نەتەوەیی کوردە کە سەرەڕای ئەو بەربەستانەی کە دەسەڵاتدارانی کوردکوژ لە سەر ڕێگای بەڕێوەچوونی پێکی دێنن، بەو حاڵەش هەموو ساڵێك بینەری بەڕێوەچوونی ئەم جێژنە نەتەوەییە لە سەرتاسەری کوردستان و بە شێوەیەکی بەرین و دوژمن تاسێن بووین کە ئەوە نیشاندەری ئیرادەی پتەوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە سەر پاراستنی هێما نەتەوەییەکانی کوردە".

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها هیوای خواست کە: "ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بۆ هەموو لایەك بە شادی و خۆشی تێپەڕن و وەك جێژنێکی نەتەوەیی و هێمای ژیانەوە و پێکەوەبوون بەڕێوە بچێ و جامانە و هەوری هەروا بە کەش و هەوای جێژنەوە دیار و دوژمن تۆقێن بن".

پاش وتەکانی کاك حەسەن شەرەفی، گۆرانییەك لە لایەن کۆڕی میۆزیکەوە پێشکەش کرا.

دواتر خاتوو ناهید حسەینی، شاعیری ناسراو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، شیعرێکی خۆی لە ژێر ناوی "سەمای جامانە"دا خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پۆلێك لە لاوانی کیژ و کوڕ کە مەشخەڵیان بە دەستەوە بوو، بەرەو شوێنی هەڵکردنی ئاگری نەورۆز وەڕێکەوتن. لەم بەشەدا حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ لەگەڵ خاتوو چینی مینبەری، هاوسەری شەهید مام ئەکبەر مینبەری و خاتوو ژیلا ساڵحی، هاوسەری شەهید ڕەحیم گەرگوڵی پێکەوە ئاگری نەورۆزیان هەڵکرد.

لە بەشی کۆتایی ئەو ڕێورەسمەشدا ئامادەبوان بە شادی و گۆڤەند و هەڵپەڕکێی گشتی بەرەوپیری ساڵی نوێی کوردی و نەورۆزی جامانەکانەوە چوون.

شایانی باسە هەر بەم بۆنەیەوە بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبیش پەیامێکی بڵاو کردۆتەوە کە تێدا هاتووە:

"لە بەرەبەری نەورۆزدا و بە بۆنەی هاتنی ساڵێکی نوێ، پیرۆزباییتان لێ دەکەین، نەورۆزێك کە ئیتر دەتوانێ هێمایەك بێ لە ڕاسانی خۆرهەڵات. لە کات و ساتێکی ئاوادا بوو کە ساڵی پار لە بناری قەندیلەوە پەیامی ڕاسانی خۆرهەڵاتمان پێ ڕاگەیاندن و پێمان وتن کە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرزێکی نوێ لە خەباتی خۆرهەڵات دەست پێ دەکەینەوە".

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ڕوو خەڵکی خۆڕاگری کوردستان ڕایگەیاندووە:

"ئێستا پاش دوو ساڵ کارکردن بۆ گرێدانی خەباتی شار و شاخ، دەمانهەوێ دیسان ڕووی خۆمان لە ئێوە بکەین و بڵێین کە؛ ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئیتر واتا و چەمکێکی بێگانە نیە لای هەمووومان، بەڵکوو خەریکە دەبێتە ناسنامەیەك.

ئەم بە ناسنامەبوونە لە ئاستی خەباتی شاخدا جێگای گرتووە و خەریکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبێ، ... ئەوەش کە بۆ ئێوە دەمێنێتەوە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتییە بەرانبەر بە ژیان و ڕزگاریی وڵاتەکەمان. لەم بوارەدا ئێمە یەکتر تەواو دەکەین، تاکوو پێکەوە ببین بە بونیادنەری کۆمەڵگایەکی ڕزگار و ئازاد.

ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا بەلای ئێمەوە گرینگە، بەردەوامیی پشتیوانیی خەباتی شاخە و لە هەمان کاتدا دەبێ هەموان کار لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن شارەکانی کوردستان ببن بە لانکەی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان".

پەیڤ

نەورۆز، ڕسکانەوە و ڕاسان

کەریم پەرویزی

سروشت لە دیاردە دژبەر و پێکناکۆکەکاندا دەناسرێتەوە، ئەو کاتەی تاریکی و ڕووناکی، شین بوونەوە و وشکاندن، تینی هەتاو و سەهۆڵبەندان و سەرما، ڕەشەبا و شاخ، جووڵە و ڕاوەستان و .... لەبەرانبەر یەکدا ڕادەوەستن و پێکەوە و لە پێکهاتەیەکی پڕ لە داهێنان و نوێبوونەوەدا بە هەزاران سیماوە دەردەکەونەوە و ژیان دەنەخشێنن.

سەرمای ئێسک برژێن و سەهۆڵبەندان و بەستنی خاک و ڕێگەبەندان و ونبوونی ڕێچکەی گەیشتن بە ئاوەدانی، لەو دیاردانەن کە زستانیان پێ دەناسرێتەوە و سروشتی کوردستان، تێکەڵ بە مێژووی خاک و خەڵک، لەگەڵ ئەو جۆرە ڕووداو و سیمایانەدا ژیاوە و بە هەموو توانا و ورە و هێزەوە لەبەرانبەر ڕۆژگارە دژوارەکاندا ڕاوەستاوە و بە بەرخۆدان، ژیانی بەردەوام کردووە و لە نەورۆزدا بە ڕسکانەوە و چرۆکردن و ڕاسانەوە، ژیانی تێکەڵ بە شۆڕش کردووە، شۆڕشێک لەپێناو بەرهەمهێنانی ژیانی نوێ و داهێنان لە مێژوودا.

ڕەنگە لەلای زۆر نەتەوە و گەلی دیکە شتێکی سەیر بێتە بەرچاو کە بۆچی سەری ساڵ و نوێ بوونەوەی ساڵ لە لای کوردستان و خەڵکی کورد، لە باتی ئەوەی جەژنی ئاسایی بێ، هەمیشە بۆتە جەژنی شۆڕش و سەرهەڵدان و ڕاسانەوە؟

نەتەوە و گەلانی جیهان، لە سەری ساڵدا جەژن دەگرن و شایی دەکەن و سەردانی دۆستان و بنەماڵەکانیان دەکەن و ڕێوڕەسمی نەریتیی گەڕانەوە بۆ باوەشی بنەماڵە و شایی پێکەوەبوونیان هەیە. لای نەتەوە و گەلانی جیهان سەری ساڵ، بریتییە لە جەژن و پشوودان و ڕەوتی ئاسایی کار و تێکۆشان ڕادەوەستێ و پشوو و سەیران جێگای دەگرێتەوە، بەڵام کوردستان لە نەورۆزدا دەکوڵێ!

لای نەتەوەی کورد نەورۆز شۆڕشی ژیانە دژ بە ڕەهێڵەی مەرگ.

نەتەوەی کورد شتە نادیار و ناڕوونەکانی نەکردۆتە ڕەمزی سەری ساڵ و ساڵی نوێ، بەڵکوو هەستیارترین و جوانترین وەرز و قۆناغ، واتە ژیانەوەی سروشت و خاڵی بەرچاوی گۆڕینی ڕەوتی گەڕانی زەوی بەدەور خۆری هەقیقەتیدا کردۆتە خاڵی نوێ بوونەوە و لە نێو ڕسکانی هیوای ژیانێکی گەشتردا، ساڵ نوێ

درێژە لە لاپەڕەی ٢

مستەفا هیجری: پەرە بە چالاکییەکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدەین

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ڕووداو ڕایگەیاند؛ پەرە بە چالاکییەکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدەین.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە پارلمانی سووییس کۆبوونەوەیەک لەبارەی دۆخی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێران لە کابینەی سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران حەسەن ڕۆحانی بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ڕووداو ڕایگەیاند؛ پەرە بە چالاکییەکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدەین.

هیجری لە بەشێکی قسەکانیدا سەبارەت بە تاوتوێ کردنی دۆخی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێران لە دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانیدا ڕایگەیاند: "بەڕای زۆربەی نوێنەرانی بەشدار لە نەتەوەکانی ئێران، لەدوای هاتنە سەرکاری ڕۆحانی، نەک هەر هەنگاوێک بۆ مافی نەتەوەکان هەڵنەگیراوە، بەپێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەی لەکاتی هەڵبژاردن دەیکرد، دۆخی کورد لەباری سیاسی، خزمەتگوزاری و ئەو بودجەیەی بۆ پارێزگاکان دیاری دەکەن، زۆر خراپتر بووە، لەسێدارەدان و زیندانی کردن زیاتر بووە، هەڵاواردن و جیاوازی دانان لەنێوان پارێزگا کوردنشینەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە زۆر زیاتر بووە".

مستەفا هیجری هەروەها باسی لەوە کرد؛ "لەو کۆبوونەوەیەدا، باسم لەو زوڵم و ستەمە کرد کە لەسەر خەڵکی کورد هەیە، ویستم پارلمانتارانی سووییس بە وردی لەو هەڵاواردنانە ئاگاداربن، چوونکە تاوەکوو ئێستا ئەوەی زۆرتر باسی لێوە دەکرێت دۆخی ئەمنییە لە کوردستانی ئێراندا، خەڵک دەگرن و دەکوژن و لەسێدارەدان هەیە، کەمتر باس لەو هەڵاواردنانە کراوە، کە لەسەر خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران هەیە".

مستەفا هیجری هەروەها باسی لەوە کرد "ئەوەی ئێمە زۆرتر هەوڵی بۆ دەدەین، ئەوەیە خەڵکی ئێمە وەکو پێشمەرگە و تێکۆشەران و چالاکوانانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانەی لەنێوخۆی کوردستانی ئێرانن چالاکییەکانیان زیاتر بێت و پێشمەرگەکان حوزوریان هەبێت لەنێو خەڵکدا بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بن بۆ خەبات و تێکۆشانیان".

ئەم کۆبوونەوەیە لە لایەن گرووپی پارلمانتارانی دۆستی کورد لە پارلمانی سووییس و کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو و تێیدا هاوسەرۆکانی گرووپی پارلمانتارانی دۆستی کورد، کارلۆ سومارۆگا و سەبیل ئەرسەلان، شیرین عیبادی، براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی ژمارەیەک ڕێکخراوی سیاسی بەلووچ، عەرەب، ئازەری و تورکمان و هەروەها نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران گوتاریان پێشکەش کرد.

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی ٨ی مارس

بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان و ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەکەین. هیوادارین هەر بەم جۆرە کە ژنان لە بەشێک لە وڵاتان بە ماف و ئازادییەکان و یەکسانی و عەدالەت گەیشتوون و لە ٨ی مارسدا یادی سەرکەوتن و بەئاوات گەیشتنیان دەکەنەوە، ئەو بەشە لە ژنانیش کە تا ئێستا هەر وا لە ژێر باری نابەرابەری و بێمافیدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ماف و ئازادی و بۆ یەکسانی لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا خەبات دەکەن، لە ڕەوتی خەبات و بەردەوامی لە تێکۆشاندا سەرکەتووبن. بە تایبەتی ژنانی ئێران و کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان پێشێل کراوە و لە ڕەوتی تێکۆشانیان دژ بە بێعەداڵەتی و لە پێناو مافە ئینسانیەکانیاندا لەگەڵ گرتن، ئەشکەنجە و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن بەرەوڕوو دەبنەوە و تەنانەت باس کردن لە مافەکانیشیان بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە ماف و ئازادییەکانی ژن و پیرۆزبایی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، پێ لەسەر باوەڕمەندیی هەمیشەیی خۆی بە ماف و ئازادییەکانی ژن و بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بنەماڵە و لە کۆمەڵدا دادەگرێتەوە و لە بڕینی ڕێگای دژواری لابردنی هەر جۆرە ستەم و بێعەدالەتییەک پشتگر و پشتیوانی ژنانی تێکۆشەری ئێران و کوردستان لە پێناو دەست ویراگەیشتن بە مافەکانیان دەبێ. جارێکی دیکە ٨ی مارس لە هەموو ژنانی جیهان پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٧ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی
١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی

نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لە پارلەمانی سووییس کۆ بوونەوە

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا لە پارلەمانی سووییس لە پێوەندی لەگەڵ "نەتەوە ستەملێکراوەکان و کەمینەکانی ئێران"دا بەشداریی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ٨ی مارسی ٢٠١٧ی زایینیی، بە دەستپێشخەریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران- ژنێڤ و بە هاوکاری گرووپی پارلەمانتارانی دۆستی کورد لە پارلەمانی سووییس، کۆنفرانسێك لە ژێر ناوی "دوای چوار ساڵ سەرۆك کۆماریی ڕۆحانی، چ ئاڵوگۆڕێك سەبارەت بە مافی نەتەوەکان پێك هاتووە؟" لە پارلەمانی سووییس بەڕێوە چوو.

لەو دانیشتنەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٨ی مارس لە بنکەی پارلەمانی سووییس لە شاری بێرن بەڕێوە چوو، نوێنەرانی حیزبەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە لێدوانەکانیاندا باسیان لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئاپارتایدی ڕێژیمی ئێران دژ بە نەتەوە ستەملێکراوەکان و کەمینە ئایینییەکان کرد.لەم کۆنفرانسەکەدا، بەڕێز مستەفا هیجری، وتاربێژی سەرەکیی کونفرانسەکە لە وتارەکەیدا باسی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەنگاوەکانی ڕۆحانی کرد کە لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە هیچ کام لەو بەڵێنانەی بە گەلانی ئێرانی دابوو، بەجێ بێنێ و وتی: "ئێمە وەکوو هەمیشە لەو باوەڕەدا بووینە، کە بناغەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕن و، ئاڵوگۆڕی کەسەکان ناتوانن ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی دەرەوە و نێوخۆی ئێران پێك بێنێ و ئەوەی کە لە دەورەی سەرۆك کۆمارەکانی پێشوودا بینیبوومان، ڕۆحانی وەکوو کەسێکی میانەڕەو نەك هەر هیچ ئاڵوگۆڕی پێ نەکرا، بەڵکوو بارودۆخی ئابووریی ئێران خراپتریش بوو، ڕادەی ئیعدامەکانیش زیادیان کرد. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەش درێژەی بە سیاسەتی دەستێوەردان لە ناوچە و شانتاژەکانی داوە. بە باوەڕی ئێمە هەرچەشنە هاوکاری و نزیکبوونەوەیەك لە ئێران دەبێتە هۆی بەهێزی و ئاژاوەگێڕیی زیاتری لە ناوچەکەدا و هەتا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەرتەسك نەکرێتەوە، ناوچەکە ئارامی بە خۆیەوە نابینێت".بەڕێز هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە وەرزێکی نوێی خەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد کە ماوەی دوو ساڵە لە ژێر ناوی ڕاسان دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێ کردووە، هەروەها داوای پشتگیریی زیاتری ڕاسانی لە گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد تا بە خەباتێکی هاوبەش بتوانن پاشەکشە بە زێدەخوازییەکانی ئەو ڕێژیمە بکەن.شایانی باسە هەر لە نێوئاخنی کۆبوونەوەکەدا، کارلۆ سوومارۆگا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلەمانی سووییس، پرۆژە بڕیارێکی بۆ پشتیوانی لە نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە پارلەمانی سووییس کرد.

شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

لە دیداری نێوان هەیئەتەکانی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچەدا تاوتوێ کران.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٩/١٢/١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٧ /٩/٣ی زایینی شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور بە سەرپەرەستیی مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لە نێوان هەیئەتی هەر دوو حیزب لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە تورکیە و بە تایبەتی پرسی ڕێفراندۆم بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا و شوێندانەریی لە سەر پرۆسەی سیاسی و پرسی کورد لەو وڵاتە و ڕوانینی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە باکوور لەو پێوەندییەدا باس کران.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا، باسێك لەسەر تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لەو پێوەندییەدا هاتە ئاراوە. لە ئاکامی ئەو باسە سیاسییە و ئاڵوگۆڕی بیروڕادا، هەر دوو لایەن لەو باوەڕەدا بوون کە لەم بارودۆخە سیاسییەدا تەنیا بە یەکیەتی و یەکڕیزیی پارتە سیاسییەکانی کوردستان ئامانجەکانی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستاندا دابین دەکرێت.

لە کۆتایی ئەو باسەدا جارێکی دیکە بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆشحاڵیی خۆی و هاوڕێیانی بۆ ئەم سەردانەی شاندی پارتی سوسیالیستی باکوور دەربڕی و لەسەر پێویستیی بەردەوامی و پتەوتربوونی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو حیزبی دۆست جەختی کردەوە.

شەش لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەمەڕ بەڕێوەچوونی نەورۆز کۆبوونەوە

شەش لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە چۆنیەتیی پێشوازیی لە نەورۆز کۆبوونەوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، شەش لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە چۆنیەتیی پێشوازیی کردن لە نەورۆز کۆبوونەوە.

ئەو شەش لایەنە سیاسییەی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە چۆنیەتیی پێشوازیی کردن لە نەورۆز کۆبوونەوە و جەختیان لە هاودەنگیی هەرچی زیاتر و پشتیوانی لە هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ئەو بۆنە نەتەوەییە کردەوە و پێداگرییان لەسەر یەکڕیزی و هاوتەریبی، داکۆکی لە کولتوور و ئازادییەکان، نیشاندانی یەکڕیزیی توێژەکانی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر ویستە نەتەوەییەکانیان، پارێزگاری کردن لە ژینگەیەک کە کەوتۆتە بەر مەترسی لە لایەن ڕێژیمەوە و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی هێماکانی خەباتی نەتەوەیی لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا کردەوە.

شەش لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو کۆبوونەوەدا بریتی بوون لە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- هاوڕێیانی پێشوو
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان
- کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

سازمانی خەباتی کوردستان

شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور سەردانی هێزی تایبەتی کرد

شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، بە سەرپەرەستیی "مەسعوود تەک" سکرتێری ئەو پارتە، سەردانی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، مەسعوود تەک سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، لەگەڵ شاندی هاوڕێی، سەردانی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کرد و لە لایەن بەرپرسانی هێزی تایبەتەوە بە شێوەی "سان" پێشوازیی لێ کرا.

تەک لەو سەردانەی خۆیدا بۆ هێزی تایبەت چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و پشتیوانیی خۆی بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.

سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، هەروەها پێداگریی کردەوە کە؛ لە هەر کات و ساتێکی خەباتدا پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت و پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات.

چالاکیی تەبلیغیی لە ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو

خەڵکی قارەمانی کوردستان جیا لە بۆنە تایبەتییەکانی حیزبی دێموکرات، بەردەوام لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی "قەلەڕەش" سەر بە شاری سەردەشت، لە بەرەبەری جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات، لە قوتابخانەی ئەو گوندە ئاڵای کوردستانیان کێشاوەتەوە و هەروەها دروشمی بژی قاسملوو و بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نووسیوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ساڵی نوێدا و بۆ پیرۆزبایی نەورۆز چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەربەندی قاسملوو بە بۆنەی پێشوازیی لە نەورۆز چالاکییان بەڕێوە بردووە و دروشمی وەک "نەوروز هێمای ژیان و هوی پێکەوەبوونمان پیرۆز، پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بە بۆنەی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی، دەبینە خاک - خاک نادەین، کاتی کردەوەیە، ڕاسان چرۆی ئاواتەکانی گەلە"یان نووسیوە.

هەروەها ٣٥٠٠ تراکتی تایبەت بە بۆنەی نەورۆز و بەتایبەت پشتیوانیی لە ڕاسان لە هەموو گەڕەکەکانی شاری شنۆ بڵاوکرایەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ١٣٩٦ی هەتاوی و ڕاسان، لە گوندی "سەرهۆیە"ی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ڕۆڵەکانی گەل بە بۆنەی نەورۆز و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە لە "سیاناو" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییانەدا بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو گەڕەک و کۆڵانەکان و شوێنە گشتییەکانی وەک قوتابخانە و شوێنەکانی دیکەی گوندی سەرهۆیە بڵاو کراوەتەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی هاتنی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی و ڕاسان، لە شاری مەهاباد لە "شارویران و گۆک تەپە" چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تراکت و پۆستێری تایبەت بە نەورۆزیان بڵاو کردەوە.

هەروەها ڕۆڵەکانی گەل بە بۆنەی نەورۆزەوە لە شاری قارەمانی "سنە" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و دەیان پۆستێر و تراکتی تایبەت بە نەورۆزیان بڵاو کردەوە.هەروەها شەوی چوارشەممە سووری ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەڵدانی باڵۆن کە دروشمی ڕاسانی دێموکراتی لێ نووسرابوو و بە هەڵدانی فشفشەی ڕەنگامەی ئاڵای کوردستان، لە چەند شوینی شار شادییان خستە دڵی خەڵکی شاری بۆکان.ئەو چالاکییەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەموو شوێنکی شارەوە دەبینرا و بە سروودی "ئەم ساڵی تازەیە"، لاوانی شاری بۆکان لە مەیدانی فەرمانداری و سێڕێیانی سەنگینی و بلواری کوردستان، تا کاتژمێر٢ی شەو لە شایی و گۆڤەند بەردەوام بوون.

لە شاری بۆکان هەر چەند هیزە چەکدارەکانی ڕێژیم ویستبوویان شەقامەکان بە خەڵک چۆڵ بکەن، بەڵام نەیانتوانی. لەو پێوەندییەدا چەندین جار لە پایەگای سپای ڕێژیم لە قەڵای سەردار و لە جاددەی سەد، تەقەیان لە باڵۆنەکانی ڕاسانی دێموکرات کرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ، لە گوندی "نێ، کانی گەزنە، مزگەوتی نێ و کۆڵانی نێ" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.. لە و چالاکییانەدا ئەندامان بەیاننامە و پۆستێری تایبەت بە نەورۆزیان لەگوندەکانی ناوچەی بەری "بەگزادە"ـی مەریوان بڵاو کردەوە کە بریتین لە؛ "ولەژێر، کەڵکەجان، نێ، دەڕەتفێ و سەردۆش" و لەو شوێنانە بە چالاکیی تەبلیغیی نەورۆزیان پیرۆز کرد.قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە لە گەڕەکەکانی "غەفوور، دەورووبەری حەسەنئاوا، ئاویەر و مەیدانی ئیقباڵ، شەقامی سیرووس، چوارڕێیانی سیرووس، دەوری مەیدان، سێڕێیانی نمەکی و پاساژی ئاشنا" تراکت و پۆستێری تایبەت بە نەورۆزیان بڵاو کردەوە.

ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو

بەبۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە ناوەندی ٣ی کوردستان، ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو.

بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە، ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان، ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد دەستی پێ کرد.

پاشان حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزب (نارمە)، لەپێوەندی لەگەڵ دامەزران و ئەرک و بەرپرسایەتیی یەکیەتی ژنانی کوردستانی ئێراندا چەند وتەکەیەکی پێشکەش کرد.

دواتر فاتمە عوسمانی سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە: "بوونی ڕێکخراوەکانی هەوڵدەر و داکۆکیکار لە ماف و یەکسانیی ژن، خۆی نیشانەی ئەو ڕاستییە و دەرخەری ئەو شانازییە کە یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ٧١ ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگایەکی ناپێشکەوتوو و نەخوێندەواردا بە ڕێنوێنی و ڕێ‌پێشاندەریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و وەک دەسکەوتی کۆماری کوردستان و بە پشتگری و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی دامەزرا، و نەفسی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە خۆی دەربڕی بوونی کێشەی ژن و هەڵکردنی ئاڵاکەی نیشانەی هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی هەرجۆرە ستەمێك لەسەر ژنە".

پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان بەو بۆنەوە لە لایەن "ئیسماعیل ئەرجوومەندی" ئەندامی ناوەندەوە پێشکەش کرا.

هەروەها پارچە پەخشانێک لە لایەن "گزینگ پیرۆتی"ـیەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا یەکیەتیی ژنان بە چەند کەسێک کە لە کاروبای یەکیەتیی ژناندا هاوکارییان کردبوون، لەوحی ڕێز و سپاسیان پێشکەش کرد کە ئەو کەسانە بریتی بوون لە: "خالید مەهابادی، مەجید حەقی، محەممەد برنجی و هەژار برنجی".

دواتر گۆرانییەک لە لایەن هونەرمەندی پێشمەرگە "غولام فاتحی"ـیەوە لەژێر ناوی "موژدەی ئازادی" پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا سروودێک لەژێر ناوی "هەستە سەرپێ" لە لایەن کۆڕسی ژنانی ناوەندی ٣ی کوردستان - کۆمیتەی "نەسرین قاسملوو"، بە هاوکاریی کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەشدا هەڵپەڕکێیەک لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە نمایش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

بە بۆنەی ئەو ڕێوڕەسمەوە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی پەیامیان پێشکەش کردبوو:

- کۆمیتەی ١٩ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان/ بەحرەکە
- سکرتێری یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان
- ڕێکخراوی کورد فۆتۆ
- بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر
- یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکەم ساڵیادی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە بەشداریی منداڵانی شەهید بەڕێوە چوو

کۆبوونەوەیەک بە بۆنەی هاتنی نەورۆز و یەکەم ساڵیادی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، بە بەشداریی منداڵانی شەهیدی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەبەری جێژنی نەورۆز و یەکەم ساڵیادی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی نەورۆزی پێشکەش بە منداڵانی شەهیدانی حیزب کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەممەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و بە هاوڕێیەتی ئەحمەد ڕەحیمی بەرپرسی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی، پێشوازییان لە منداڵانی شەهیدانی حیزب کرد.

لە دیدارەکەدا حەسەن شەرەفی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز و ساڵی نویی کوردییەوە پێشکەش بە منداڵانی شەهیدانی حیزب و بنەماڵە بەڕێزەکانیان کرد و هیوای لەشساخی و تەمەندرێژیی بۆ بە ئاوات خواستن و ڕایگەیاند؛ ئەگەرچی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەماندا ئێوەی ئازیز باوکتان بە جەستە لەدەست داوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەردەم پشتیوان و خەمخۆرتانە و ئێوەی خۆشەویست جێگای شانازیی هەموو نەتەوەی کوردن و بۆ ساتێکیش نابێ بە بوونی حیزبە خۆشەویستەکەتان هەست بە بێنازی بکەن و بە خوێندن و خۆپێگەیاندن ئاواتی باوکتان بۆ دەستەبەر بوونی مافی ڕەوای نەتەوەکەمان وەدی بێنن.

پاشان تێکڕای منداڵانی شەهیدە سەربەرزەکانمان، وێڕای پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز لە ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب ڕایانگەیاند کە؛ پەیمانە لە مێژینەکەیان بۆ درێژەدانی خەبات لەگەڵ حیزب نوێ دەکەنەوە بە هەموو تواناوە لە ڕاستای بەرەوپێشچوونی خەباتدا، ئامادەی هەرچەشنە قوربانیدانێکن.

کۆبوونەوەکە پاش ٣ کاتژمێر بە بەڕێ کردنی منداڵەکان بەڕێز و حورمەتەوە، لە لایەن حەسەن شەرەفییەوە کۆتایی پێهات.

شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆنگرەی پرۆگرێسیف ئالیانس‌دا کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان بەشداریی لە کۆنگرەی Progressive Allianceدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە و دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ و ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵات و هیوا بەهرامی جێگری بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئەڵمان و ئۆتریش بەشداریی لە یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی جیهانیی Progressive Alliance لە شاری بەرلین، پایتەختی ئەڵمان کرد.

ئەم کۆنگرەیە لەژێر ناوی "دیاری کردنی داهاتوو، بۆ جیهانێکی ئازاد، دادپەروەر و هاوپێوەندی" بەڕێوەچوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە ئەندامی فەرمیی بووە بە مافی دەنگدان و خۆ کاندید کردنەوە بۆ هەموو پۆستەکانی ئەم ڕێکخراوە.

لوقمان ئەحمەدی، بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەمکۆنگرەدا وتارێکی پێشکەش کرد.

ئەحمەدی لە سەرەتای قسەکانیدا ئیشارەی بەوە کرد کە؛ حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە؛ هێڵە گشتییەکان بۆ سیاسەتێکی پێشکەوتنخوازانە دەبێ لە سیاسەتی فەرمیی هەموو حیزبەکاندا بە کردەوە ڕەنگ بداتەوە. ناکرێ بەشێک لە ئەندامان لە پرۆگرێسیف ئالیانسدا هێڵی گشتی پەسەند بکەن کە باسی نەهێشتنی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆرە لە جیهاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێک لە حیزبەکان، بە تایبەتی بەشێک لە حیزبە ئورووپییەکانی ئەندامی پرۆگرێسیف ئالیانس هەوڵ بدەن باشترین پێوەندییان لەگەڵ وڵاتێکی دیکتاتۆر وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێت، بەبێ ئەوەی بایەخی تایبەت بدەن بە خەبات و تێکۆشانی بۆ نموونە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و پێکهێنانی دێموکراسی.

ئەحمەدی پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە؛ "ئەم هێڵە گشتییانە دەبێ بە شێوەیەکی کردەیی لە لایەن ئەو حیزبانەوە کە ئەندامی پرۆگرێسیف ئالیانسن بخرێتە حاڵەتی جێبەجێ کردن لە ئاست سیاسەتی حیزبەکان و بە شێوەیەک کاری لەسەر بکەن کە هەموو حیزبەکان و پرۆگرێسیف ئالیانس بتوانێ کاریگەریی ئەرێنی هەبێ لە هەموو جیهاندا." جێگای ئاماژەیە کە قسەکانی نوێنەری حیزب لەم بوارەدا لە لایەن بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی کۆنگرەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا.

شایانی باسە کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ چەندین شاندی حیزبەکانی دیکەی ئەندامی پرۆگرێسیف ئالیانس دیدار و چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە پرسەی خاتوو شۆعلە عەلی‌دا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی خاتوو "شۆعلە عەلی" هاوسەری نەوشیراون مستەفا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، بەشدارییان لە کۆڕی پرسەی خوالێخۆشبوودا کرد.

دوانیوەڕۆی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "کەریم پەرویزی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە پرسەی خوالێخۆشبوو "شۆعلە عەلی" هاوسەری "نەوشیروان مستەفائەمین"دا بەشداریی کرد و هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان پێ‌ڕاگەیاندن.

هەروەها ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتیکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "تاهیر مەحموودی" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە شاری سلیمانی، بەشدارییان لە یەکەم ڕۆژی پرسەی خاتوو شۆعلە عەلی‌دا کرد و نامەی هاوخەمیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتیان بە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان گەیاند.

حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک محەممەد مەلا کەریم پەیامێکی بڵاو کردەوە

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیری نەتەوەی کورد پەیامێکی هاودەردیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی هاودەردی

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە کەسایەتی ناسراو و بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد کاک "محەممەد مەلا کەریم" کوڕی زانای گەورە مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕس شەوی ٢٠١٧/٣/١٢ی زایینی بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد و بە یەک دونیا ئاوات و ئارەزوو لە بنەماڵەی نیشتمان پەروەر و زانستدۆست و لە نووسەران و ڕووناکبیران و نیشتمانەکەی ماڵئاوایی کرد.

کاک محەممەد مەلا کەریم لە ساڵی ١٩٣١ی زایینی لە ناحیەی بیارە لە مەڵبەندی شارەزوور لە دایک بووە، دەستپێکی خوێندنی لە قوتابخانەی ئایینیی باوکی واتە مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕس بووە و دواتر لە قوتابخانەکانی شارەزوور و سلێمانی درێژەی بە خوێندن داوە و خۆی گەیاندووەتە ئاستێکی باڵای زانستی.

بەهۆی خزمەتی زۆری بە بواری ئەدەب و فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و ...، کاک محەممەد بوو بە سیمایەکی ناسراوی ئەو بوارە. لە ماوەی تەمەنی پڕبەرهەمی‌دا توانیویەتی دەیان کتێب و دیوانی شیعر و بابەتی زانستی بە چاپ بگەیەنێ و ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کورد و پەروەردە کردنیان بۆ خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

کاک محەممەد جگە لە لایەنی پەروەردەیی لە بواری سیاسیش یەکێک لە ڕووناکبیرە بە بیروباوەڕەکانی کورد بوو، کە پێوەندییەکی قووڵ و نەپساوەی لەگەڵ خەباتگێڕانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەبوو و بە شێوەی جۆراوجۆر هاوکاری و یارمەتی دەکردن، بە تایبەت لەگەڵ ڕێبەرانی نەمری حیزبەکەمان د. عەبدولڕحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی و...، و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات پەیوەندییەکی دۆستانە و نیشتمانپەروەرانەی هەبوو. لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب و لە باس و بابەت و لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا وەک لایەنگرێکی بەوەجی حیزب دەهاتە بەرچاو، و لە خۆشی و ناخۆشییەکانی حیزبدا لە تەنیشت تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بوو.

کۆچی دوایی ئەم نووسەرە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان وێڕای ئەوەی بۆ بنەماڵەی بەڕێزیان و دۆستانی، زیانێکی گەورەیە، ماڵ ئاوایی کردنی لە کۆڕی نووسەران و ئەدیبان و ڕووناکبیرانێش هەروەها خەسارێکی ئەدەبی و ئینسانیی گەورەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم نووسەرە گەورەیەی کورد، لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو ئەو کەسانەی قەڵەمەکانیان لە خزمەت گەل و نیشتمانەکەیاندایە سەرەخۆشی دەکات و خۆی لە غەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی نووسەری هەڵکەوتووی گەلەکەمان کاک محەممەد مەلا کەریم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

فەرماندەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

یەکێک لە فەرماندە دێرینەکانی هێزی پێشەوا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، فەرماندە "عوسمان سۆفی مینە" ناسراو بە "عوسمان شەیدا" ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

کاک عوسمان ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ناوبراو دوو جار لە شەڕ دژی داگیراکەراندا بریندار بووە.

کاک عوسمان ماوەیەک سەرپەلی لکی ١ی هێزی پێشەوا بووە.

ناوبراو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە سەر ئیزنی حیزبی دێموکرات گەڕایەوە نێوخۆ و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سەرەخۆشیی محەممەدی مەلا کەریمدا کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە پرسە و سەرەخۆشیی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریمدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە شاری سلێمانی بەشداریی لە پرسەی خوالێخۆشبوو محەممەدی مەلا کەریمدا کرد.

محەممەدی مەلا کەریم ٨٦ ساڵ ژیا و خەرمانێک خزمەتی بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد و جێ پەنجەی بە ئەدەبی کوردەوە دیارە.

محەممەدی مەلا کەریم، کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە ساڵی ١٩٣١ لەناوچەی هەورامان لەدایک بووە.

ناوبراو کەسایەتییەکی خۆشناو و نووسەریکی دیار بوو، دۆستێکی نزیکی شەهیدانی ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات بوو. کۆچی دوایی ناوبراو خەسارەتیکی گەورە بوو.

باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

کاک سەید "محەممەد ئەحمەدی" باوکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، کاک سەید "محەممەد ئەحمەدی" کوڕی "میرزا ساڵح" خەڵکی گوندی "قای بەرد"ی شاری بانە، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا لە گۆڕستانی قای بەرد بە خاک سپێردرا.

کوڕێکی کاک سەید محەممەد بە ناوی "لوقمان ئەحمەدی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

شایانی باسە کە؛ باوکی کاک سەید محەممەد، میرزا ساڵح پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووە و لە نێوان شارەکانی مەهاباد و بۆکاندا شەهید بووە.

ناوبراو کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە و چەندین ئەندامی بنەماڵەی ناوبراو لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدان. و چەندین شەهیدیشیان پێشکەش بە خاکی نیشتمان کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

درێژەی پەیڤ

دەکاتەوە و ئاگر لە دەسەڵاتی زوقم و سەرما بەردەدا. ئەمەیە ڕەمزی نەورۆز و ڕسکان و ڕاسانەوە لای نەتەوەی کورد و هەتا سروشت دەژیێتەوە و هەتا نەورۆز سەردەکەوێ، کوردستانیش بەپێوەیە و ڕەوتی مێژوو دەئاژوێ.

ڕاسان و جەژنی نەورۆز و ڕسکانەوەی هیوای سەرکەوتن بەسەر تاریکیدا، لە هەموو ئەویندارانی ئازادی و لە هەموو بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەت لە شەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات پیرۆز. شەهیدانی حەماسە مێژووییەکانی قەرەسەقەل و کۆساڵان چاویان لە نەورۆز و ڕاسانەوەمانە و نەورۆزیان لێ پیرۆز دەکەین و جامانەکەیان لە مل دەکەین.

پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب

هاونیشتمانیان و کوردستانیانی خۆڕاگر

لە بەرە بەری نەورۆزدا و بە بۆنەی هاتنی ساڵێکی نوێ، پیرۆزباییتان لێ دەکەین؛ نەورۆزێک کە ئیتر دەتوانێ هێمایەک بێ لە ڕاسانی خۆرهەڵات. لە کات و ساتێکی ئاوادا بوو کە ساڵی پار لە بناری قەندیلەوە پەیامی ڕاسانی خۆرهەڵاتمان پێ ڕاگەیاندن و پێمان وتن کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرزێکی نوێ لە خەباتی خۆرهەڵات دەست پێدەکەینەوە. بەڵام پێمان نەوتن کە ئەوە تەنیا پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتە کە هەموو بەرپرسیارەتییەکەی ئەم خەباتە بەئەستۆ دەگرێت، بەڵکوو هەموومان دەچینە قۆناغێکیتر لە ژیانی ڕزگاریخوازی لە مێژووی گەلەکەماندا.

دیارە پەیامەکەی ئێمە خوێندنەوەی جیاوازی لەسەر کرا، هێندیک لایان وابوو کە حیزبی دێموکرات ناتوانێ بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی ببێتەوە، یان حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا ناتوانێ وەڵامدەر بێ. بەڵام ڕووداو و لێکدانەوەکان لە سەر ئەم بابەتە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە نە ئێمە ئەو هێزەین کە کۆماری ئیسلامی بە چۆکماندا بێنی، و نە خەباتەکەی ئێمە بەتەنیا خەباتی پێشمەرگەیە.

ئەوەی حیزبی دێموکرات لە نەورۆزی ڕابردوودا ڕایگەیاند، گرێدانی خەباتی شار و شاخ بوو. واتە خەباتێک کە تەنیا پەیوەست بە پێشمەرگەوە نیە، بەڵکوو کاکڵە سەرەکییەکەی شار و بزاڤە شارییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانە. ئێمە بەو باوەڕە گەیشتووین کە کۆی پانتایی خۆرهەڵاتی کوردستان لە بواری سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. گۆڕانێک کە وێنایەکیتر لە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتمان پێ نیشان دەدات.

بە درێژایی مێژوو زۆرترین قورسایی خەبات لەئەستۆی پێشمەرگەبووە، واتە پێشمەرگە هەموو تێچووەکانی خەباتی لەسەرشان بووە و خەڵکیش وەک ڕزگاریدەر چاویان لێ کردووە.

بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەمشێوە بیرکردنەوە دەبێتە هۆی چاوەڕوانی و، شار و بزاڤەکانی ناتوانن ڕۆڵ و توانای خۆیان پیشان بدەن. بۆیە ئێمە باوەڕمان بە دوو کوڵەکە لەم خەباتەدا هەیە: کۆڵەکەیەکی پێشمەرگەیە کە وەک پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕۆڵ بگێڕێت و، شاریش بە بوونی پێشمەرگە هەست بە تەنیایی نەکات و لەخەبات بۆ ڕزگاری و ئازادییەکانی بەردەوام بێ. لێرەدا پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە دیفاع لە جووڵە و تواناکانی خەڵک دەکات بەرانبەر بە سەرەڕۆییەکانی ڕێژیم. شاریش ئەو مەکۆیە دەبێ کە دەیهەوێ ببێ بە بەشێک لە سیاسەت لە خۆرهەڵاتی وڵات.

ئێمە لە بەر ئەوە بە پێشمەرگەوە دەستمان پێکرد، تاکوو بە کۆمەڵگای بسەلمێنین کە بوونمان هەیە و ئەم بوونە تەنیا دروشم نیە، پێشمەرگە وەک هێما و ئاوێنەی کوردبوون لەگەڵتانە. پێشمەرگە وەک دەسپێک هێمای ئەوە بوو کە ڕاسانی خۆرهەڵات کاروانێکە کە دەیهەوێ ببێ بە ڕاستی و ئەو ورە بە کۆمەڵگا ببەخشێ کە دەتوانێ ڕاڤەی بوونی خۆی بکات.

گیان فیدایی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا توانیی زۆر بابەتمان بۆ ڕوون بکاتەوە:

یەکەم ئەوە کە؛ ڕۆڵەکانی کوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ئامادەن کە بەهای ڕزگاریخوازیی خۆیان بدەن.

دووەم ئەوە کە؛ پێشمەرگە سەلماندی کە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی بابەتێکی ناراست و بێ‌ناوەڕۆکە.

سێیەم ئەوە کە؛ پێشمەرگە بڕیاری داوە لەگەڵ گەل و نیشتمانەکەی بێ، و ئەمە نیشان لە ستراتژییەکی درێژخایەن دەدات نەک کاتی.

هاوکات لەگەڵ خەباتی شاخ کە پێشمەرگە نوێنەرایەتی دەکات، خەباتی شار لای حیزبی دێموکرات گرینگە، لەم بوارەدا هەرچەند ئێمە هێشتا لە سەرەتای ڕێگەداین، بەڵام کۆمەڵگایەکی زیندوومان هەیە کە پێویستی بە ڕزگاریدەر نیە. بەڵکوو هەوڵمان ئەوە دەبێ کە پێکەوە خەباتی شار مانادار بکەین. ئێمە بڕیارمان نەداوە کە ببین بە چاوساغی ئێوە لە خەباتی شاردا، بەڵکوو ئەو پانتایە هی هەمووومانە و پێکەوە هەوڵی واتادارکردنی دەدەین. خەباتی شار ئەو شوێنەیە کە هەموومان لەوێدا یەکدەگرینەوە. کۆمەڵگای ڕزگاریخوازی خۆرهەڵاتە کە دەبێ ببێ بە لانکەی پێکەوە ژیانی سیاسەت، کولتوور و ناسنامە جیاوازەکان، ئەو مەکۆیەی کە هەم تواناکانی کورد دەچەسپێنێ و هەمیش گەراکانی کیانێکی دێموکراتیک لەگەڵ خۆیدا ڕاڤە دەکات. ئەو شوێنەی کە دەبێ لە ئەمرۆ کاری بۆ بکەین.

لە ئەنجامی حەماسە و داستانەکانی قەرەسەقەل و کۆسالان، کۆمەڵە وێنایەک لە خۆرهەڵات سەریان هەڵدا کە هەموویان ئاماژەیەک بوون بۆ ئەوەی کە خەباتی شاخ توانیویەتی پەیامی خۆی بە شار بگەیەنێت، لەهەمانکاتدا بەشداریی خەڵک بە گوێرەی توانا لەگەڵ خەباتی شاخ و، بەدەنگەوەهاتنیان لە ساڵرۆژی تێرۆری ڕێبەری گەورەمان، دوکتۆر قاسملوو پیشانیدا کە شارەکانی خۆرهەڵات هەڵگری نەوەیەکی ئامادەن کە دەزانێ چۆن کۆماری ئیسلامی بباتە ژێر پرسیارەوە.

لەلایەکی ترەوە جۆرێک لە خۆڕاگریی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان سەریانهەڵدا کە هەموویان هەڵگری پەیامێک بوون، ئەویش بەرجەستە کردنەوەی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو بەرانبەر بە داگیرکەر.

لە هەمانکاتدا لەبیرمان نەچێ کە چۆن خەڵک پێشوازییان لە پێشمەرگە کرد و لە کاتی پێویستدا ئامادە بوون بە هەموو نرخێک یارمەتیدەریان بن.

ئەوەی کە شار لە خەباتی خۆرهەڵاتدا گرینگە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لای ئێمە کوردبوون تەنیا مانای پێشمەرگە و هێزی بەرگری نیە. بەڵکوو واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر زۆرینەی خەڵک توانای پێشمەرگایەتیان نیە، بەڵام لە توانایاندایە کە بەرانبەر بە مافەکانی خۆیان هەستیار و بەرپرسیار بن. لێرەدا گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە خەبات بۆ ڕزگاری و خەباتی نەتەوەیی مانای دابڕان لە ژیان نیە، لەهەمانکاتدا خەباتێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە بزاڤی شاریدا بێ، مومکین نیە گەڕانەوە و پاشەکشەی تێدا بێ. بەڵکوو دەبێتە خەباتێک کە بۆ هەمیشە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. جا چ ململانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکات یان دەسەڵاتێکی تر.

لێرەدا بونیادنانی ئیرادە گرینگە، بونیادنانی ئەو ئیرادەیە کە تاکی کورد لە هەر شوێنێکی ژیانی شاریدا بێ، هەستی پێبکات و، بگات بەو ڕاستییە کە ژیان و کوردبوون مافی ئەوە و، دەتوانێ ڕۆژانە کاری بۆ بکات. دیارە تا گەیشتن بەو ئاستە کە کۆمەڵگای ئێمە هەڵگری ئەو توانایە بێ، ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە پێشە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئەگەر تواناکانی خۆمان لە ئاستە جیاوازەکاندا بناسین و سەیر بکەین کە چ توانایەکی مرۆیی بەهێز لە خۆرهەڵات بوونی هەیە، ئەو کاتە باوەڕ بەوە دێنین کە دەبێ بچینە بواری کاری هاوبەشەوە و بیکەین بە ڕاستی، ڕاستییەک کە لە کردەوەدا خۆرهەڵات بکاتە هێزێکی شوێندانەر.

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

ئێستا پاش دوو ساڵ لە کارکردن بۆ گرێدانی خەباتی شار و شاخ، دەمانهەوێ دیسان ڕووی خۆمان لە ئێوە بکەین و بڵێین کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئیتر واتا و چەمکێکی بێگانە نیە لای هەمووومان، بەڵکوو خەریکە دەبێتە ناسنامەیەک. ئەم بە ناسنامەبوونە لە ئاستی خەباتی شاخدا جێگای گرتووە و خەریکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە خەباتی شار پێویستی بە ئاوڕدانەوە و بەهێزتر کردن هەیە. ئەم بەهێزبوونەش بە تاکە تاکەی کۆمەڵانی خەڵک دەکرێت، ئەوەی لە ئەستۆی ئێمەیە سەلماندنی پاڵپشتیی خۆمانە وەک پێشمەرگە و حیزب، تاکو پێتان بڵێین کە بە تەنیا جێتان ناهێڵین. ئەوەش کە بۆ ئێوە دەمێنێتەوە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارەتییە بەرانبەر بە ژیان و ڕزگاریی وڵاتەکەمان. لەم بوارەدا ئێمە یەکتر تەواو دەکەین، تاکوو پێکەوە ببین بە بونیادنەری کۆمەڵگایەکی ڕزگار و ئازاد. ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا بەلای ئێمەوە گرینگە، بەردەوامیی پشتیوانیی خەباتی شاخە و لەهەمانکاتدا دەبێ هەموان کار لە سەر ئەوە بکەین کە چۆن شارەکانی کوردستان ببن بە لانکەی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

> **ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا بەلای ئێمەوە گرینگە، بەردەوامیی پشتیوانیی خەباتی شاخە و لەهەمانکاتدا دەبێ هەموان کار لە سەر ئەوە بکەین کە چۆن شارەکانی کوردستان ببن بە لانکەی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.**

ئیمە بەو واتا و ناوەڕۆکەوە لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٦ جێژنە پیرۆزە لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای خەباتمان بۆ ڕزگاری، کادر، پیشمەرگە و لایەنگرانی حیزبەکەمان و لاوانی وشیار و ئاگای خۆرهەڵات و، بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین و دەڵێین:

سەرکەوێ خۆرهەڵات.

پانۆرامای ڕاسان

ئامادەکردن: کوردستان

٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٤: لە ڕێورەسمێکی پڕشکۆی نەورۆزیدا لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرا و ژمارەیەك لە ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەواڵنێرانی چەندین دەزگای میدیایی و تەلەڤیزیۆنی کوردی، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دەستپێکی قۆناغێکی نوێی لە خەباتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند کە دواتر بە "ڕاسان" ناوی دەرکرد.

٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٤: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە زۆربەی شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر پێشوازیی خۆیان لە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێناو گرێدانی خەباتی شار و شاخ ڕاگەیاند.

٢٩ی بانەمەڕ: هەواڵدەرییەکان باسیان لە هەڵواسینی بەنێری تەبلیغاتی دژی حیزبی دێموکرات لە شاری تاران کرد. لەو بەنێرە تەبلیغاتییەدا کە لە وێنەی دوکتور قاسملووی نەمر، بەڕێز مستەفا هیجری و ئارمی حیزب کەڵك وەرگیرابوو، هەوڵ درابوو کۆمەڵێك زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە لەسەر چۆنیەتیی چالاکییەکان و پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردوو و لە ئێستادا بڵاو بکرێتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا ڕێژیم کتێبێکی لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە تاران بڵاوکردەوە کە ئامانجی چەواشەکردنی ڕاستییەکانی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات بوو.

٥ی جۆزەردان: سێزدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگریی لەسەر کارکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەکانی پەیامی نەورۆزیی حیزب کردەوە. ئەم پێداگرییەش هاوکات بوو لەگەڵ جەولەی نیزامی سیاسیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان.

١٥ی جۆزەردان: مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازیی لە هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی عەبدوڵڵا موهتەدی کرد و بە دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکی دیاریکراو جەختیان لەسەر کاری هاوبەشی زیاتری دوولایەنە و هاوکاریی زیاتری هێزەکانی کوردستانی ئێران کرد بۆ ئەوەی کە گوتاری مقاومەت لە کوردستانی ئێراندا پەرەی پێ بدرێت.

٢٠ی جۆزەردان: پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی حیزب بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێك چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی لە ناوچەکانی هەورامان و کامیاران جەولەیەکیان بەڕێوە برد کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەم ناوچانە بەرەوڕوو بوون.

٢٥ی جۆزەردان: تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی "سەروکانی" سەر بە شاری پیرانشار کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامی کاتژمێرێك شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و هێزەکانی ڕێژیمدا، گەمارۆی دوژمن تێك شکا و هێزەکانی پێشمەرگە ڕزگاریان بوو.

٢٦ی جۆزەردان: تێکهەڵچوونێکی چەکداری لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە ئاوایی "قەرەسەقەل" لە ناوچەی شنۆ ڕووی دا و بە دەیان کەس لە پاسداران و بەکرێگیراوان لەگەڵ چەند فەرماندەی پایەبەرزی ڕێژیم لەو شەڕەدا کوژران کە ناوی بەشێکیان بەم چەشنەیە: "یوسف ئەحمەدی، مستەفا خالیدی، عوبەید هەرکی و ئەسکەندەر مامەڵ" خەڵکی "باڵاگیر" و جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری شنۆ سەرگوردی پاسدار "حاج سەمەد بووستانی" و سەروان "عەبدولواحید حیکمەت" خەڵکی شاری نەغەدە.

بەداخەوە پۆلێك پێشمەرگەش لەم دەرگیرییە نابەرابەرەدا شەهید بوون. شەهیدانی "ڕاسانی خۆرهەڵات" لە قەرەسەقەل بریتین لە: شەهیدان کەماڵ خزری، لوقمان شێخانی، سەلاح نادری، جەماڵ ئیسماعیلی، سەید عومەر حسەینی، محەممەد خالید پەیغامی.

٢٩ی جۆزەردان: دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شنۆ ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

٢٩ی جۆزەردان: تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی سەردەشت لە بەرەنگارییەکی قارەمانانەدا، پاشەکشەیان بە هێزەکانی ڕێژیم کرد و خۆشیان بێ هیچ زیانێك شوێنی شەڕەکەیان بە جێ هێشت. هەر هەمان ڕۆژ سوپای تیرۆریستیی پاسداران، دوای شکستیان لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستاندا لە دەوروبەری گوندی "نستان" بۆ شاردنەوەی شکستەکەیان، کوێستانەکانیان تۆپباران کرد.

٢٩ی جۆزەردان: مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە ڕاسانی خۆرهەڵات و ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەو کەسانە کە چەکی خەیانەت بە گەل و خزمەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان هەڵگرتووە، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

مانگی جۆزەردان:

- تەلەڤیزیۆنی فاکس نیوز و ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە هەواڵەکانیاندا بە تێروتەسەلی باسی شەڕی ئاوایی قەرەسەقەلی شنۆیان کرد.
- بەشی عەرەبی و ئینگلیزیی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت هەواڵی شەڕی شنۆیان بە شێوەیەکی تایبەت بڵاو کردەوە. لەم هەواڵەدا بە کوژراو و بریندار بوونی ٢٢ پاسداری ڕێژیمی ئێران ئاماژە کراوە.
- تۆڕی ئەلعەرەبییەش لە ماڵپەڕ و تەلەڤزیۆنەکەی خۆی، قارەمانیەتی ئەم دواییەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بڵاو کردۆتەوە و ئەم دەسپێکەی بە گرینگ وەست کردووە.
- ماڵپەڕی ستراتفۆر کە لە بواری نیزامیدا چالاکە، ڕاپۆرتێکی تایبەتی لە سەر قەیرانەکانی نێوخۆی ئێران لە ژێر سەردێڕی: "ئێران، مەترسی لە نێوخۆ"، بڵاو کردەوە.
- ماڵپەڕی ئینگلیزیی بەرەی باشووریش کە بە چەند زمان لەوانە ئینگلیزی، ئاڵمانی، فەڕانسەوی و عەرەبی هەواڵ بڵاو دەکاتەوە، بە پشتبەستن بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ئاماژەی بە شەڕی قەرەسەقەل کرد.
- ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەڕ و میدیاکانی کوردستان، ئێران و ناوچەش، گرینگییەکی تایبەتیان بە بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی سپای پاسداران لە شنۆ و پیرانشار داوە. لەم نێوەدا بەشی فارسی بی‌بی‌سی، ڕادیۆ فەڕانسە و دۆیچەوێلە بە پشتبەستن بە ڕاگەیەندراوەکانی حیزبی دێموکرات، هەواڵی ئەم قارەمانیەتیەیان بڵاو کردەوە.

٣٠ی جۆزەردان: لە ناوەندی ٣ی کوردستان ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی حەماسەی شنۆ بە بەشداریی دەیان کەسایەتیی ناسراو و حیزبی سیاسی بەڕێوە چوو.

٣٠ی جۆزەردان: سوپای تیرۆریستیی پاسداران بە شێوەی هەڕەمەکی و بەتوندی کوێستانەکان و بەرزاییەکانی سەردەشت و دەوروبەریان دایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و کاتیووشا. ئەو شوێنانەی کە تۆپباران کران، بریتی بوون لە بەرزاییەکانی ناوچەی مەیدان چۆغە، کەپری، گەنمان، پشتی نستان، سیسێر و هەروەها چەوربێ.

٣١ی جۆزەردان: بە مەبەستی هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شەڕی شاری شنۆ، چەند لایەنی سیاسی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد.

٢ی پووشپەڕ: مامۆستایانی قوتابخانەکانی کرماشان لە پەیامێکدا وێڕای دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ حیزبی دیموکرات، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاسانی خۆرهەڵات دەربڕی.

٢ی پووشپەڕ: لە دیداری نێوان هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە واشینگتۆن لەگەڵ "تێد ڕۆیس" بەرپرسی کۆمیتەی پێوەندییەکانی کۆنگرەی ئامریکادا ئارەش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئەمریکا باسێکی لە سەر "ڕاسان" و تێکهەڵچوونەکانی نێوان پێشمەرگەکان و سپای تیرۆریستیی پاسداران پێشکەش کرد.

٣ی پووشپەڕ: لە دوای شەڕی قەرەسەقەل ڕێژیم لە ناو شاری نەغەدە بە هەڵواسینی "بەنێر"و "پۆستەر" پڕۆپاگەندەیان بەدژی ڕاسان ئەنجام دا کە بۆخۆی نیشانەی ترس لە کاریگەرییەکانی ڕاسان بوو.

٤ی پووشپەڕ: شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی مەهاباد ڕووی دا کە پێشمەرگەکان پاش زەبروەشاندن لە هێزەکانی ڕێژیم، بە سڵامەت خۆیان لە شوێنی شەڕەکە دەرباز کرد.

٥ی پووشپەڕ: هێزێکی گەورەی ڕێژیمی ئێران بە چەکی قورسی تۆپ و کاتیوشا لە شاری ورمێ بەرەو جادەی مەهاباد بەڕێ کەوتن. هەر لەو پێوەندییەدا ڕێژیمی ئێران هێزێکی زۆری بە چەکی قورس و تۆپ هێنایە سەر سنووری شاری مەریوان و لە ڕووبەڕووی شاخی سوورێن و شاخی پێنجوێن لە شوێنێك بە ناوی "ئاوشاخان" جێگیری کرد. هەر لەو ڕۆژەدا ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە خولقێنەرانی حەماسەی شنۆ لە شاری سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

٥ی پووشپەڕ: لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و چەکدارە دڵ پڕ لە قینەکانی کۆماری ئیسلامی لە کۆسالانی مەریوان تێکهەڵچوونێك ڕووی دا، پاش کوژران و بریندار بوونی کۆمەڵێك جاش و پاسداری ڕێژیمی ئاخوندی، بەداخەوە دوو پێشمەرگەی چاونەترسی حیزب بە ناوەکانی "شۆڕش مینبەری"و "شاخەوان مینبەری" شەهید بوون و درێژەی ڕێگاکەیان بە هاوڕێیانیان ئەسپارد.

٥ی پووشپەڕ: هەڵۆکانی زاگرۆس لە ناوچەی سەرشیوی سەقز لە سەر جادەی سەقز مەریوان و لە نزیك ئاوایی "خۆشەدەرە" پەلاماری هێزێکی چەکداری ڕێژیمیان دا و سەرهەنگ ئەکبەری و ٦ پارێزەری ناوبراویان لە تۆڵەی شەهیدانی هێزی پێشمەرگەدا کوشت و پیکاپێکی هەڵگری ئەو تاقمە ڕێگرەیان هەڵدێرایە کەندەڵانەکانی چۆمی سەرشیوەوە.

٦ی پووشپەڕ: محەممەد پاکپوور، فەرماندەی هێزی زەوینیی سپای تیرۆریستیی پاسداران لە دژکردەوەی ڕاساندا هەڕەشەی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم کرد و گووتی بنکە و بارەگاکانی ئەم لایەنانە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی باشوور دەکەینە ئامانجی تۆپخانەکانمان.

٦ی پووشپەڕ: لە ناوەندی ١ی کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بۆ یادی شەهید شۆڕش مینبەری بە ئامادەبوونی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب و ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب پێك هات.

٦ی پووشپەڕ: هەر لە درێژەی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان لە کۆسالان بۆ جاری دووهەم شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داگیرکەرانی کوردستان ڕووی دا، دوای شەڕێکی ئازایانەی هێزی پێشمەرگە کە بە چەکی ئیمان و بڕوا بەرەنگاری هێزی زۆر و زەوەندی ڕێژیم بوونەوە، بەداخەوە پێشمەرگەیەکی فیداکاری گەل بە ناوی "ئەکبەر مینبەری" ناسراو بە مام ئەکبەر شەهید بوو و دەیان لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون. پاش حەماسە خوڵقێنییەکانی قەرەسەقەل و کۆسالان چەندین جار بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەل کۆڕ و کۆبوونەوە لە وڵاتانی ئورووپایی بەڕێوە چوو. هەروەها مامۆستاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاڵپشتیی خۆیان سەبارەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.

٦ی پووشپەڕ: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرزاییەکانی کێلەشین، حاجی ئومەران، بەربەزین، کونەڕێ و... تۆپباران و بومباران کرد. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید- چاك، لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەدا ٤ هاووڵاتی سڤیل بریندار بوون و هاوڵاتییانی ناوچەکەش ئاوارە بوون و زەرەر و زیانی مادیی زۆریش بە گوندنشینانی ئەو دوو ناوچەیە گەیشت.

٨ی پووشپەڕ: شاندێکی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور(PSK) بە سەرپەرەستی "مەسعوود تەك" سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبیان کرد و هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی پۆلێك لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی شنۆ و سەوڵاوا پێشکەش کرد. ڕێکخراوی "جیش‌العدل "ی بەلووچستانیش لە ڕاگەیەندراوێکدا پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

هەر هەمان ڕۆژ لاوانی ناوچەی شامیان لە پەیامێکدا ڕایانگەیاند: "ئێمە کۆمەڵێك لە گەنجانی شامیان بە بۆنەی شەهید بوونی پێشمەرگەکانی تازەی گەلەکەمان پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی کادر و بنەماڵەی ئەو شەهیدە بەڕێزانە دەکەین و پەیمان دەدەین کە هاوڕێ و هاوخەمی پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بین و درێژەدەری ڕێبازی هەموو شەهیدان و شەهیدانی شاری شنۆ و کۆسالان بین".

لە لایەکی دیکەشەوە لاوانی شاری سنە لە پەیامێکی ویدیۆییدا ڕایانگەیاند: "ئێمە کۆمەڵێك لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنە وێڕای پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدان، تیرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان مەحکووم دەکەین و بەڵێنی دەدەین تا دوایین هەناسەکان پشتیوانی خەباتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بین".

٨ی پووشپەڕ: دوای کوژرانی دو لاوی کۆڵبەری خەڵکی گوندی گوێزلێی ئالانی سەردەشت (لەتیف و ڕەئووف عەلیخانی کوڕی ساڵح) بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، خەڵکی گوندی بێژوێ هێزەکانی ڕێژیمیان لە ناو پاسگاکە دەرکرد و ڕێژیمیش لە ترسی پشتیوانیی هێزی پێشمەرگە لە هەموو جۆرە جموجۆڵێك لەو ناوچەیە خۆی بوارد. هەروەها خەڵك دروشمی "بژی هێزی پێشمەرگە و بژی

درێژە لە لاپەڕەی٦

دێموکرات"یان بەرز کردەوە.

٩ی پووشپەڕ: مستەفا فەحس، نووسەری ناوداری لوبنانی و پسپۆڕ لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی "شەرقولئەوسەت"، گوازرانەوەی شەڕ لە حەلەبەوە بۆ مەهاباد و دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناو جەرگەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دژی سپای ئێرانی، بە یەکەم شکستی سەربازیی ئێران دانا.

١٠ی پووشپەڕ: سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نامەیەکی بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان و ڕاگەیەنە گشتییەکان سەبارەت بە هەڕەشەی هێرشی نیزامیی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر کەمپەکانی حیزبی دێموکرات نارد.

١٠ی پووشپەڕ: کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دکتور قاسملوو بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران لە سەر میزی وتووێژ بانگەوازێکی بڵاو کردەوە.

١٠ی پووشپەڕ: تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرزاییەکانی سیدەکان لە باشوری کوردستانیان بەبیانووی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە خەستی تۆپباران کرد و زەرەر و خەساری بەرچاویان بە خەڵکی ئاسایی ئەم ناوچەیە گەیاند.

١١ی پووشپەڕ: حوسەین سەلامی، جێگری فەرماندەی سپای پاسداران لە ڕێپێوانی ڕۆژی "قودس"دا هەڕەشەی لە ئاڵاهەڵگرانی ڕاسان کرد.

١٢ی پووشپەڕ: بە بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لایەن و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور و کەسایەتیە سیاسی و هونەرییەکان، خۆپیشاندانێك دژ بە هەڕەشەی نیزامیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێك هات. لەو کۆبوونەوەدا خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ بەشدار بوون.

١٣ی پووشپەڕ: هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکیەکانیاندا کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆ سەیرانچیەکانی "دۆڵی هاوشینانی" مەهاباد بەڕێوە برد و لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرت و ڕاسانی خۆرهەڵات بۆ بەشداران باسیان کرد کە بە چەپڵەڕێزانێکی زۆرەوە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا. هەروەها لەو سەیرانگایەدا خەڵکێکی زۆری شارەکانی مەهاباد ، پیرانشار، نەغەدە و شنۆ بەشدار بوون.

هەر هەمان ڕۆژ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکیەکانیاندا کاتژمێر ٥ بۆ ٦ لە سەر جادەی پیرانشار . مەهاباد ئامادە بوون و وێڕای ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیلێکی زۆری هاوڵاتییان، کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بەڕێوە بردووە. لە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات و قۆناغی نوێی خەبات و پیلانەکانی ڕێژیم پێشکەش کرد کە لەگەڵ پێشوازییەکی بەرچاو و بە چەپلەڕێزانی بەشداران کۆتایی پێهات.

١٥ی پووشپەڕ: لە نزیك ئاوایی "بۆڕیەر" لە مەریوان شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکان و هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم ڕووی دا. بەداخەوە بە هۆی نەمانی تەقەمەنیی شەڕ و پاش چەندین کاتژمێر بەرەنگاربوونەوەی سپای جەهل و نەزانی، دوو پێشمەرگەی قارەمانی گەل بە ناوەکانی "کاوە جەوانمەرد" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و"سەرکەوت سەمەدی" کادری لێوەشاوەی حیزب شەهید بوون.

١٦ی پووشپەڕ: دوابەدوای قارەمانەتییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆساڵان و بەچۆکداهێنانی هێزی زۆروزەوەندی ڕێژیم کۆمەڵێك بەکرێگیراو و جاش قەڵەمی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی " شوورای هەماهەنگیی ئیسلاحتەڵەبانی کوردستان" لە ڕاگەیەندراوێکدا دژایەتیی خۆیان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و "ڕاسانی خۆرهەڵات" ڕاگەیاند.

١٦ی پووشپەڕ: کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەمەڕ پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و میللی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

١٧ی پووشپەڕ: ڕێکخراوی UNPO لە بەیانییەیەکدا دەستدرێژییە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستانی مەحکووم کرد.

١٨ی پووشپەڕ: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە دەرگیری و تێکهەڵچوونەکانی کۆساڵان لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و داگیرکەرانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

١٨ی پووشپەڕ: بەڕێوەبەرانی ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان، لە پەیامێکدا هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە شەهیدبوونی کاوە جەوانمەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

١٩ی پووشپەڕ: لە باکووری کوردستان لە ناوچەی قۆسەر، لە لایەن "لۆکالیێ پلاتفۆرمی دێموکراتی کورد" کۆڕیادێك بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و شەهیدانی "ڕاسانی خۆرهەڵات" بەڕێوەچوو.

٢١ی پووشپەڕ: پرێس کۆنفراسێك بە بەشداریی "تەیموور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات و بانگەوازی مانگرتنی گشتیی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. مستەفایی داوای لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد کە بەپیر بانگەوازی مانگرتنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بێن و خەڵك لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا دوکان و بازاڕ داخەن و نفرەت و بێزاریی خۆیان لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران دەرببڕن.

٢٢ی پووشپەڕ: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا دوکان و بازاڕیان داخست و وەڵامی بانگەوازی مانگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دایەوە.

٢٣ی پووشپەڕ: هەیئەتێکی تەڤگەری جوانێن کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، بە سەرپەرستیی "یەڵماز سەعید" جێگری ڕێکخەری گشتیی تەڤگەر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێریان کرد و وێڕای پشتگیری لە خەباتی ڕەوای گەڵی کورد لە ڕۆژهەڵات، سپاسی هەنگاوەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ ڕاسانی نوێی خەباتیان کرد و هاوخەمیی و سەرەخۆشیی خۆیانی بە بۆنەی شەهیدانی ئەو ڕاسانە، بە حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

٢٤ی پووشپەڕ: لە مەریوانەوە کەلاکی ٣١ پاسدار گوێزرانەوە بۆ سنە و گوایە ئەم کەلاکە پاشماوەی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراقن و تازە دۆزیویانەتەوە! بەپێی هەندێك زانیاری، سوپای پاسداران دەیەوێ کەلاکی کوژراوەکانی بەناوی جۆربەجۆر و یەك لەوان پاشماوەی شەڕی ئێران و عێراق و هەروەها کوژراوەکانی شەڕی پاسداران لە سووریە و ... ڕابگەیەنێ و بەم شێوازە لە ژێر باری چەواشەکارییەکانی دەربچێ.

٢٦ی پووشپەڕ: لە درێژەی بەرەنگاربوونەوەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان خەڵك پەلاماری پاسگای بێورانی خوارەوەی سەردەشتیان دا و بار و کاڵا زەوتکراوەکانیان لێ سەندنەوە.

٢٧ی پووشپەڕ: "مێهدی زانا" کەسایەتی ناسراوی باکووری کوردستان بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی پشتیوانی خۆی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی خۆرهەڵات سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی لە هەولێر کرد.

٣٠ی پووشپەڕ: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، وێڕای ڕەدکردنەوەی چەواشەکاری و ئیدیعا بێ بنەماکانی موحسین ڕەزایی کۆنە فەرماندەی پاسداران دژ بە بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕایگەیاند کە خەبات لە پێناوی ئازادیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژەی دەبێ و هیچ هەڕەشە و تۆمەت وەپاڵدانێکیش ناتوانێ لە بڕینی ئەو ڕێگایە بە هەموو دژوارییەکانییەوە هەنگاوی پێ شل بکا.

١ی گەلاوێژ: لە ئاوایی "زێویەی کۆنە لاجانی پیرانشار" ماشێنێکی هەڵگری جاشە خۆفرۆشەکان کە تێیدا مەلا عەلی زیویەیی بۆ سزادان دەستنیشان کرابوو، کەوتە بەر پەلاماری کوتوپڕی هەڵۆکانی زاگرۆس و بە توندی بریندار کرا. مەلا عەلی سەرەتا ڕەوانەی نەخۆشخانی پیرانشار کرا و دواتر لەبەر کاریگەریی کۆڵەوارییەکەی بۆ نەخۆشخانەی خومەینی لە شاری ورمێ بار کرا.

لە سەرەتای مانگی گەلاوێژ، ڕۆژنامەی ئورشەلیم پۆست کە یەکێك لە گرینگترین ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بابەتێکی سەبارەت بە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە.

٤ی گەلاوێژ: سپای تێرۆریستی پاسداران هێزی نیزامیی ڕەوانەی سنوورەکانی ناوچی شنۆ کرد و سنوورەکانی ئەو شارەی زیاتر میلیتاریزە کرد. هەروەها کوردستان میدیا ڕایگەیاند ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای تەورێز چەکوچۆڵ و تفاقی شەڕی بۆ پادگان و بنکە نیزامییەکانی شاری مەهاباد لە پارێزگای ورمێ ڕەوانە کردووە.

٥ی گەلاوێژ: ناوەندی گلۆباڵ ڕیسێرچ، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو کردەوە کە بەشێکی بەرچاوی تەرخان کرابوو بۆ ڕاسان. لە ڕاپۆرتەکە وێڕای ئاماژە بە کاریگەریی خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر فاکتەرە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسرابوو کە ئەم خەباتە تەنیا کوردستان ناگرێتەوە و بەڵکوو بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێمۆکراتی فێدراڵە.

٦ی گەلاوێژ: ڕۆژنامەی بەناوبانگی نیۆیۆرك تایمز وتارێکی سەبارەت بە قەیرانەکانی ناوخۆیی و دەرەکی ئێران بڵاو کردۆتەوە کە لە بەشێکی وتارەکەدا ئاماژە بە ڕاسانی حیزبی دێموکرات کرابوو.

هەر هەمان ڕۆژ ڕۆژنامەی ئالگێماینێر کە ناوەندی لە نیۆیۆرکە بابەتێکی سەبارەت بە زۆربوونی خەباتی نەتەوەکانی ئێران بڵاو کردەوە کە بەشێکی بەرچاوی ئاماژە بە قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرابوو. نووسەری بابەتەکە ئاماژە بە ڕەوشی کوردەکان لە تورکیە، سوریە و بە تایبەت عێراق دەکات و دەنووسێ کە کوردەکانی ئێرانیش دەیانەوێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بنیات بنێن.

٧ی گەلاوێژ: ناوەندی فیکری ناشناڵ ئینتێرێست کە یەکێك لە کاریگەرترین ناوەندە فیکریەکانی جیهانە ڕاپۆرتێکی تایبەتی سێ لاپەڕەیی سەبارەت بە ڕاسانی حیزبی دێمۆکرات بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە هەروەها وێڕای ئاماژە بە چۆنیەتی پێکدادانەکان، جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە ئەمە تەنیا خەباتی هێزێکی بێ دەوڵەتە کە لە سەر پێی خۆیە و پشتیوانی دەرەکی لە پشت نیە.

٩ی گەلاوێژ: ڕۆژنامەی تامیل گاردیەن، ناوەندی ستراتفۆر و ڕۆژنامەی بەناو بانگی تایمز سێ ڕاپۆرتی جیایان لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە. لە ناو ڕاپۆرتەکاندا جەخت لە سەر ئەوە کرابوووە کە پێکدادانەکان ڕژیمی تارانیان تووشی شۆك کردووە و ڕژیم بە هەر شێوەیەك بەرەنگاری خەباتی نوێی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبێتەوە. لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی تایمز ئاماژە بە وتارێکی موستەفا هیجری لە ڕۆژنامەی ئورشەلیم پۆست کراوە کە داوای کردووە نەتەوەکانی دیکەی ئێران پەیوەست بن بەم خەباتە.

خەرمانانی ٩٥: کوردستان میدیا، چەندین ڕاپۆرتی جیاجیای لە سەر جەولەی سەرکەوتوانەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی ورمێ، موکریان و سەقز بڵاو کردووە.

١ی خەرمانان: ئەنیستیتۆی مێری، سێمینارێکی بۆ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر، لەژێر ناوی "دەرفەت و ئاستەنگەکان" لە هۆڵی کۆبوونەوەی ئەو ئەنیستیتۆیە پێك هێنا.

٢ی خەرمانان: هەڵۆکانی زاگرۆس لەسەر ڕێگای گوندی "بڵەسەن"ی ناوچەی حەوتەوانانی بانە، هێرشیان کردە سەر ماشینێکی هێزەکانی ڕێژیم و ٤ یان لێ کوشتن و بریندار کردن کە بەگوێرەی دواییین هەواڵ سەرگوردێکی ناجا لەنێو کوژراوە بەسزاگەیشتووەکاندا بوو. ناوی کوژراو و بریندارەکان بریتی بوون لە:
١. سەرگورد عەبدوڵڵا محەممەدی ٢. گرووهبان داوودی ٣. غەفاری، ٤. کەماڵ ئەنجێنەیی.

٥ی خەرمانان: هەڵۆکانی زاگرۆس بەکرێگیراوێکی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بەناوی "جەعفەر لوتفیپوور"یان لە بۆکان دایە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان ، ئەم جاشەی سەر بە ڕێژیم یەکێك لە مۆرە بەدناوەکانی ڕێژیم لە ناوچە بوو کە بە سزای تاوانەکانی گەیشت.

٦ی خەرمانان: سێمیناری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەژێر ناوی "دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داهاتووی ئێران" لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان و بە بەشداریی موستەفا هیجری سکرتێری حیزب دەستی بە کارەکانی کرد. باسی سەرەکی ئەم سێمینارە تەرخان کرابوو بە ڕاسان و خەباتی نەتەوەکانی ئێران کە تێیدا نوێنەری حیزب و لایەن سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و چالاکانی سیاسیی دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

٦ی خەرمانان: هێزە دژە گەلییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە بەرزاییەکانی داڵانپەڕ تەقەیان لە کاروانی کۆڵبەرانی کورد کرد و دوو کۆڵبەری کورد لە ئەنجامی ئەو تەقە ڕاستەوخۆیەی هێزەکانی ڕێژیم گیانیان لەدەست دا. بەرپرسانی ڕژیم پاشان بە بنەماڵەی ئەم کوژراوانەیان ڕاگەیاندن کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات تەقەیان کردووە و بۆیە ئێوە دەبنە بنەماڵەی شەهید. ئەمە باسی لە ڕەوتێکی تازەی ڕژیم دژ بە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە وێڕای وەدرۆخستنەوەی ئەو بانگەشەیەی بەرپرسانی ڕێژیم، ڕایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك پێشمەرگەکان دەستیان لەو کردەوە دزێوەدا نەبووە و لە کاتی خۆیشی‌دا، لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانی خۆیەوە ئەم جینایەتەی ڕێژیمی مەحکووم کردووە.

١٦ی خەرمانان: پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، لە دوو چالاکیی جیاجیادا، کاتژمێر ١٠:٣٠ خولەکی شەو، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیم لە پایەگای گوندی "سەرچنار" و لە چالاکییەکی هاوشێوەی دیکەشدا، کاتژمێر ١٢:١٠ خولەکی هەمان شەو، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیم لە پایەگای گوندی "ناچیت".

١٧ی خەرمانان: لە نێو شاری بۆکان، لە گەڕەکی "کوی اندیشە" تەقە لە نێوان هەڵۆکانی زاگرۆس و هێزەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە. هەڵۆکانی زاگرۆس پاش وەشاندنی زەبر لە دوژمن بە سلامەتی و سەرکەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکە دوور کەوتنەوە. بەگوێرەی زانیارییەکان چەند بەکرێگیراوی ڕژیم لەو شەڕەدا بریندار بوون، بەڵام هەواڵێك لەسەر ژمارەی برینداەکان بڵاو نەکرایەوە.

١٨ی خەرمانان: ژمارەیەك لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پاوە بە بڵاوکردنەوەی پەیامێك وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە حوزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوخۆی وڵاتدا، بە هەموو شێوەیەك پشتیوانیی خۆیان لە هێزی پێشمەرگە دەربڕی.

١٩ی خەرمانان: هەڵۆکانی زاگرۆس لە گوندی "گلۆڵانی سەرێ" سەر بە شاری بۆکان، خائیین بە نیشتمان و هاوکاری دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژیم "هیدایت حوسینی" و "عەزیز حوسینی" یان تەمبێ کرد.

٢٣ی خەرمانان: پاسدار ئەمیر ئەکبەری، فەرماندەی سپای نەغەدە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەلاکانی سوونە و شیعە مەزهەب باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هۆکاری نائەمنی لە ناوچەکەدایە.

٢٨ی خەرمانان: هێزێکی پێشمەرگەی حیزب لە ناوچەی پیرانشار لە نێوان ئاواییەکانی "قەبری حسێن" و "پردانان" لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم تووشی تێکهەڵچوون بوون. لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە ناوی "ڕەحیم عەبدوڵلانژاد" کوڕی ئەبوبەکر ناسراو بە "ڕەحیم گەرگولی" بریندار بوو کە بەداخەوە بە هۆی کاریبوونی برینەکەیەوە پاش چەند ڕۆژ شەهید بوو و لە لایەن هاوسەنگەرانیەوە بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

٣١ی خەرمانان: هەڵۆکانی زاگرۆس ڕایانگەیاند لە درێژەی سزادانی خائینان دا دەستی تۆڵە گەیشتە نیشتمانفرۆشی ناسراو "نەسرەدین سەجادی" کوڕی وسێن خەڵکی ئاوایی کەلجیی هەورامان و لە شاری سەوڵاوا و کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی خەرمانان لە هەڵمەتێکی هەڵۆکانی زاگرۆسدا بە سزای تاوانەکانی گەیشت .

١ی ڕەزبەر: پۆلێك لە هەڵۆکانی زاگرۆس لە ناوچەی کامیاران، بە مەبەستی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری دەچنە ماڵی چەکدارێکی ملکەچی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی سالح سابیری لە تیلەکۆی کامیاران . هەڵۆکانی زاگرۆس هەوڵ دەدەن ناوبراو ئامۆژگارییەکان لە گوێ بگرێت و زیانی پێنەگات ، بەڵام ناوبراو بەمەبەستی دەستوەشاندن لە هەڵۆکان پەلاماری چەکەکەیان دەدات کە دەرەتانی پێ نادرێت و دەکەوێتە بەر گولەی چەکی هەڵۆیەك و بریندار دەکرێت. بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵە و خێزانی ناوبراو ئاگاداری هەوڵی هەڵۆکان بوون و هەر وەها ڕێزگرتن لە داوای لێبووردنیان، ئیزنیان دان کە تاوانبار لە لایەن خۆیانەوە بۆچارەسەری ببرێتە نەخۆشخانە .

٢ی ڕەزبەر: هەواڵدەریی ئاسۆشیێتد پرێس ڕاپۆرتێکی لە سەر خەباتی نوێی کورد لە کوردستانی ئێران بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: "گرینگترین ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کورد لە کوردستانی ئێران دەڵێ کە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ژیانی کوردانی ڕۆژهەڵات لە سەر خەباتی پێشمەرگانە بەردەوام دەبین".

٣ی ڕەزبەر: یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خوێندکاران کرد پشتگیریی لە ڕاسان بکەن.

٩ی ڕەزبەر: فەرماندە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم لە شاری سەقز لە نوێژی هەینیدا و لە مزگەوتەکانی ساڵحاوا و قەوخ بە دژی حیزبی دێموکرات تەبلیغاتیان کرد. فەرماندەکانی ڕێژیم لە قسەکانیاندا باسیان لەوە کرد کە هێزەکانی پێشمەرگەی دێموکرات لە ناوچەی سەقز بوونیان هەیە و ئەیانەوێ نێو شار بشێوێنن و داوایان لە خەڵکی سەقز کرد کە بە دژی ئەم هێزانە هەڵوێست بگرن و لە بەرانبەریاندا ڕاوەستن.

مانگی ڕەزبەر: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە درێژەی ڕاپەڕاندنی کار و جالاکیە سیاسی و تەشکیلاتییەکانیان ناوچەی ژاوەرۆیان بەسەر کردەوە.

١٥ی ڕەزبەر: پاش ئەوەی کە لە هێندێك لە میدیاکاندا بە شێوەیەکی ئامانجدار، هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ناوچە سنوورییەکان بڵاو بووەوە، بەرپرسانی پێوەندیدار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو هەواڵەیان بە تەواوی ڕەت کردەوە.

١٨ی ڕەزبەر: کۆمەڵێك لە شاعیران و نووسەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرەستیی "کۆنێ ڕەش"(konê reş) بە مەبەستی پشتگیری لە خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەربڕینی وەفا و هەستی هاوسۆزییان بۆ خەباتکارانی قوتابخانەی دێموکرات و ڕێبەرە شەهیدەکانی، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێریان کرد.

١٩ی ڕەزبەر: لە پاڵنگان، شاهۆ کەریمی، جاشی ناسراو و تاوانبار بە ئازاردانی خەڵکی ئاسایی، کڕین و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان، ڕاوڕووتی کاسبکارانی هەژاری ناوچەکە، سیخوڕی بۆ دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وهەروەها شوینهەڵگرتنی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان، لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە سزا درا.

٢٣ی ڕەزبەر: لە ناوچەی سەرشیوی سەقز لە شوێنێك بەناوی "کۆتەڕەش" شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە کە تێیدا ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕژیم کوژران و بریندار بوون. پاش کۆتایی ئەم شەڕە هێزەکانی حیزب لە شوێنی دەرگیرییەکە دوور کەوتنەوە و درێژەیان بە چالاکییەکانیان دا.

٢٦ی ڕەزبەر: شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە کۆنفرانسی فراکسیۆنی سوسیالیست دێموکراتەکانی پارڵمانی ئورووپا و "پرۆگرێسیف ئالیانس" بەشداریی کرد. سکرتێری گشتیی حیزب لە وتارێکدا، ئامانجەکانی ڕاسان و قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی بۆ بەشدارانی کۆنفرانس شی کردەوە.

٢٦ی ڕەزبەر: هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری، سەردانی پارڵمانی ئورووپا لە شاری "برۆکسێل"یان کرد و لەگەڵ سێ پارلمانتار کۆبوونەوە.

٢٨ی ڕەزبەر: هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری دۆسیەی ئێران و مافی مرۆڤی دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، کە پێك هاتبوو لە سێ کەس، لەسەر خەباتی حیزبی دێموکرات، ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییەکانی پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆ بوونەوە.

٢٩ی ڕەزبەر: هەیئەتی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، لە وڵاتی بلژیك، لەگەڵ "ئەورماس پایەت"، ئەندام پەرلەمانی یەکیەتی ئەورووپا لە فراکسیۆنی لیبراڵەکان لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنیەتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆ بوونەوە.

٢٩ی ڕەزبەر: هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری لەگەڵ ئەندام پەرلەمانێك و دامەزراوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کۆ بوونەوە.

٢٩ی ڕەزبەر: هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، لە وڵاتی بلژیك لەگەڵ "مارینیو بۆدستاچی" سکرتێری UNPO لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنییەتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆ بوونەوە و باسی چۆنیەتی پتەو کردنی هاوکاری و هەماهەنگی زیاتری نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران کرا.

مانگی ڕەزبەر: پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی بانە جەولەیەکی سیاسی نیزامیی سەرکەوتوویان بەڕێوە برد.

٤ی خەزەڵوەر: کۆنفرانسی "داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشە و دەرفەتەکان"، بە بەشداریی حیزبەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران بەڕێوەچوو. لە بەشی دووهەمی ئەم کۆنفرانسەدا پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێدوانێکی پێشکەش کرد.

٥ی خەزەڵوەر: ڕەسووڵ محەممەدزادە، بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیونی پەروەردەی حیزب، لە کاتی پووچەڵکردنەوەی میندا لە بەرەکانی شەڕی ئازادکردنەوەی مووسڵ، بە هۆی تەقینەوەی مین شەهید بوو.

٢٤ی خەزەڵوەر: بۆ چەندەمین جار مۆڵگەی بەسیج لە دزەی مەرگەوەڕ کەوتە بەر هێرشی هەڵۆکانی زاگرۆس ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەڵۆکانی زاگرۆس لە بەرچەپەری مۆڵگەی بەسیجی شنۆ،

درێژە لە لاپەڕەی ٩

ئا: شەماڵ تەرغیبی

لە بەرەبەری ساڵی نوێدا نارەزایەتییە جەماوەرییەکان پەرە دەستێنن

هاوکات لەگەڵ نزیک بوونەوە لە نەورۆز و ساڵی نوێ، چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێران لە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی تاران کۆبوونەوەی نارەزایەتییان ساز کرد.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕەشەمە، چەوەندەرکارانی "مۆغان" بە بۆنەی نەدانەوەی پارە وەدواکەوتووەکانیان و جێبەجێ نەکردنی داخوازەکانیان لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوودا، لە بەردەم بینای ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەدا کۆبوونەوە و لەدژی سیستمی گەندەڵی زاڵ بەسەر ئێراندا، دروشمیان دا.
هەر هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەی نارەزایەتیی چەند سەد کەسی لە بەردەم دامەزراوەی "کاسپییەن" بەڕێوە چوو کە تێیدا وێڕای داواکاری بۆ گەڕاندنەوەی پارە حەپەلووش کراوەکانیان، لەدژی کۆماری ئیسلامی و گەندەڵییەکانی ڕێژیم دروشمیان دا.
ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمە هەزاران کەس لە خانەنشین کراوانی دەوڵەتی، لە تاران و ئیسفەهان و چەندین شاری دیکەی ئێران کۆبوونەوە و بەرانبەر بە پێشێل کردنی مافەکانیان لەلایەن ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعترازیان دەربڕی.
نارازییان لەم خۆپیشاندانەدا وێڕای هەڵگرتنی پلاکاردی تایبەت، بە گوتنەوەی سروودی دژە ڕێژیم و دانی دروشم، لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستان.
هەروەها لە کۆتایی ئەم نارەزایەتیی دەربڕینەدا نارازییان ڕاگەیەنداوێکیان بڵاو کردووە کە تێیدا داوای چارەسەری بەپەلەی کێشەکانیان کراوە.
ئەم خۆپیشاندانانە لەبەردەم نووسینگەی سەرکۆماری لە تاران و هەروەها لە بەردەم بینای سندووقی خانەنشینیی ئیسفەهان و شارەکانی دیکە بەڕێوە چوو.هەر هەمان ڕۆژ و لە شاری "بروجێرد"، سەدان کەس لە کرێکارانی شارەوانیی ئەم شارە، بە وەڕێخستنی ڕێپێوانی ئێعترازی خوازیاری پێداچوونەوەی جیددی و بەپەلەی بارودۆخەکەیان بوون کە لەگەڵ دژکردەوەی توندی هێزە دژەگەلییەکان بەرەوڕوو بوویەوە.
چەند ڕۆژ پێش ئێستاش ژمارەیەک لە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی "پارسیلون"ی شاری "خۆڕڕەمئاوا" بە هۆی وەرنەگرتن و دواکەوتنی پارەی حەقدەستیان، لە بەردەم بینای پارێزگای "لوڕستان"دا کۆبوونەوە.
بەپێی هەواڵە بڵاوبووەکان، ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەشەمە، کرێکارانی نارازیی "پارسیلون" کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبوون، لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە بەر دەرگای بینای پارێزگای لوڕستان کۆبوونەوە؛ هەروەها کرێکارانی دوو کارگەی ڕۆن و شووشە لە شارەکانی تاران و قەزوێن بە هۆی وەرنەگرتنی حەقدەستیان و دواکەوتنی پارەی چەند مانگیان، ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمە دەستیاندایە نارەزایەتی دەربرین.چەند ڕۆژ پێش ئێستایش نارەزایەتییەکی سەرانسەری لە زۆربەی شارەکانی ئێران لەلایەن مامۆستایانەوە بەڕێوەچوو؛ ئەم نارەزایەتی دەربڕینانە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە و ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە مامۆستایانی شاری سەقز لە بەردەم ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی ئەم شارەدا کۆبوونەوە.

ئامارەکان لەسەر ئابووریی دەدوێن

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێک ئامار و داتای نوێی ئابووری لەسەر بارودۆخی شپرزەی ئابووریی ئێران بڵاو کراوەتەوە.
ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس، ناوەندی ئاماری ئێران و بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە بەرەبەری هاتنی ساڵی نوێدا، کۆمەڵێک ئاماریان بڵاو کردۆتەوە کە چاوخشاندن بەسەر هەر کام لەوانە ئەوپەڕی دۆشداماویی ئابووریی ئێرانمان پیشان دەدەن.ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا پێشبینی بۆ ٤ بگۆڕی سەرەکیی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی کردووە و دەڵێ: گەشەی ئابووری لە ساڵی نوێدا وەک بگۆڕێکی سەرەکی دەبێتە ٣/٧٪ لە حاڵێکدا کە ئەم ناوەندە بۆ ساڵی ٩٥ پێشبینی کردبوو کە ٧/٢٪ بێت.هەروەها سەبارەت بە بگۆڕی هەڵاوسان، ناوەندی لیکۆڵینەوەکان دەڵێ: لە ساڵی نوێدا ئاستی هەڵاوسان دووبارە بەرز دەبێتەوە و لە ٩/١٪ی ساڵی ٩٥ەوە بۆ ١٠/٩٪ بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ.بگۆڕی سێهەم کە لە ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراودا باسی لێوە کراوە، بریتییە لە نێونجی نرخی دۆلار کە لە ٣٨٥٠٠ ڕیاڵی ساڵی ٩٥ەوە بۆ ٤٢٠٠٠ ڕیاڵ لە ساڵی ٩٦دا بەرز دەبێتەوە.چوارەمین بگۆڕیش کە لەم راپۆرتەدا باسی لیوە کراوە بریتییە لە؛ ڕێژەی نەخدینەیی کە لە ساڵی ١٣٩٥دا پێشبینی ١٢٨٠هەزار میلیارد تمەنی بۆ کرابوو، لە ساڵی داهاتوودا بۆ ١٦٠٠ هەزار میلیارد تمەن بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.
بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کرد؛ ڕێژەی نەخدینەیی لە کۆتایی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بە بەراورد لەگەڵ ڕێکەوتی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، گەیشتۆتە ١١٩٦هەزار و ٦٠٠ میلیارد تمەن کە دەرخەری گەشەی ٢٦٪یە.لە لایەکی دیکەشەوە سندووقی نێونەتەوەیی دراو پێشبینی کردووە، ئابووریی ئێران لە ساڵی داهاتوودا، واتە ٩٦، بەهۆی جێگر بوونی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک، لەباری گەشە کردنی ئابوورییەوە بەڕێژەی ٥٠٪ دابەزێت.
ناوەندی ئاماری ئێران کۆمەڵێک داتای لە ژێر ناوی "ئاکاری فەرهەنگیی خانەوارە ئێرانییەکان" بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا بە وردی ئاوڕ لە "هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی لاوان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش" بەتایبەت لاوانی سەروو ١٨ ساڵ کراوە.
بەپێی ئەم ئامارانە کە ناوەندی ئامار بە شێوەی مەیدانی لێکۆڵینەوەی بۆ کردووە، ٧٤٪ی لاوان هۆکاری پێکنەهێنانی ژیانی هاوبەشیان بۆ بێکاری، نەبوونی پیشەی هەمیشەیی، کێشەی دابین کردنی خانووبەرە و بەگشتی کێشە ئابوورییەکان گەڕاندۆتەوە.لەلایەکی دیکەشەوە بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە بەرەبەری نەورۆزدا نوێترین نرخی کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی لە بازاڕە فەرمییەکانی ئێران بڵاو کردۆتەوە، کە بەوپێیە دەردەکەوێت ئەم نرخانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادیان کردووە. بەپێی ڕاگەیەنداوی بانکی ناوەندی، نرخی شیرەمەنییەکان لە ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ هەمان بڕگەی زەمەنی لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوودا ٧/٥٪، نرخی هێلکە ٣/٥٪، نرخی میوە ٢٦/٨٪، نرخی سەوزی ٢٧/٤٪، گۆشتی سوور ٨٪، گۆشتی مریشک ٢٥/١٪، نرخی قەند و شەکر ٢٣/٣٪، نرخی چایی ١٣/٢٪ و نرخی ڕۆن ٨/٤٪ زیادیان کردووە.دوایین ئامارەکان سەبارەت بە ڕێژەی نەخدینەییش، کە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵاوسان دێتە ئەژمار، دەریدەخەن کە لە کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا ئەم ڕێژە ١١٦١٨٠٢ میلیارد ڕیاڵ بووە، کە بەبەراورد لەگەڵ ڕەشەممەی ساڵی ٩٤، ١٤/٢٪ زیادی کردووە و بەبەراورد لەگەڵ مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردووش، لانیکەم ٢٨٪ زیادبوونەوەی بەخۆوە بینیوە.
جێگری ئابووریی بانکی ناوەندی ڕێژیم، پەیمان قوربانی، بە هەواڵدەریی ئیلنای گووتووە: نرخی گەشەی ئابووری لە ٩ مانگی ڕابردوودا لە کەرتی کشتوکاڵدا ٤/٢٪، لە بەشی نەوتدا ٦٥/٤٪، لە بەشی سەنعەت و کانزاکان ٣/.٪ و بەگشتیش ١١/٦٪ بووە!ئەم بانگەشە لە کاتێکدایە کە لە شوێنێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو دان بەوەدا دەنێت کە؛ شۆکی نێگەتیڤی نرخی نەوت نەیهێشتووە ئابووریی ئێران گەشە بکات و بەم شێوەیەش قسەکانی پێشووتری خۆی ڕەت دەکاتەوە.بێبنەمابوونی قسەکانی پەیمان قوربانی لە نێوئاخنی قسەکانی ئیسحاق جەهانگیریش دەردەکەوێت کە؛ ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمە ڕایگەیاند؛ دەوڵەتی یازدەیەم لە هەموو تەمەنی خۆیدا هەم لەباری فرۆشی نەوت و هەم لەباری دەسپێڕاگەیشتن بە داهات و سەرچاوەکانی داهات کیشەی جیددی هەبووە و نەیتوانیوە گەشە بکات.
هەروەها بانکی جیهانیی دراویش ٢ حەوتوو لەمەوپیش لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە ئێران وتوویەتی؛ ئابووریی ئێران دیسانەوە تووشی سەرلێشێواوی بووە و لە داهاتووشدا زیاتر لە ئیستا سەری لێ دەشەوێت.
بەپێی بەرنامەی گەشەپیدانی شەشەم کە لە بەفرانباری ئەمساڵدا لەلایەن مەجلیسەوە پەسند کرا، ئابووریی ئێران بۆ ئەوەیکە بتوانێ گەشە بکات پێویستی بە ٣٢٠ میلیارد دۆلار سەرمایەی دەرەکی هەیە، لە حاڵێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەملاوە ڕێژەی سەرمایەدانانە دەرەکییەکان لە ئێران لە سنووری ٤ میلیارد تمەن تێنەپەڕیوە.
لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆکی ناوەندی ئاماری ڕێژیم ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمە و هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئاکامی یەکەمی سەرژمێرییەکانی ساڵی ٩٥ ڕایگەیان؛د نیوەی حەشیمەتی چالاکی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ٩٠ تاکوو ٩٦ بێکارن.بە وتەی ئۆمیدعەلی پارسا نرخی بێکاریی ئەمساڵ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسەی کە ئێمە بۆ بێکاری کردوومانە، ١٢/٤٪ بووە کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ١/٤٪ زیادی کردووە.
ناوبراو لە درێژەدا وتوویەتی: نرخی ڕاستەقینەی بێکاری بەپێی پێناسە جیهانییەکان ٢٢٪ە کە ئەمەش واتە تێپەڕینی سنووری هۆشداری.

ئابووریی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێت

قەرزی بانکە ئەهلییەکان و ڕێکخراوە ئێعتبارییەکان لە ئێران بە بانکی ناوەندی، لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا ٢١ هەزار و٦٦٠ میلیارد تمەن زیادی کردووە.
بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، ئەم جارە بانکەکانی ئێران تووشی قەرزێکی لەڕادەبەر بوون و بەپێی هەواڵی هەواڵدەریی"فارس"، ڕێژەی قەرزی بانکەکان بە بانکی ناوەندیی ڕێژیم، لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٥دا، ١٧٣.٧٪ بووە کە بە بەراورد لەگەڵ مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٩٤، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ئەم ئامارە باس لەوە دەکات کە؛ بانکە ئەهلییەکان و ڕێکخراوە ئێعتبارییەکان لە ڕێژیمی ئێراندا، لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا ٢١ هەزار و٦٦٠ میلیارد تمەن بە بانکی ناوەندیی ئێران قەرزدارتر بوون.هەروەها بە گشتی کۆی قەرزەکانی بانکەکان بە بانکی ناوەندی لە ئێران، لە کۆتایی مانگی بەفرانباری ٩٥دا، بە ١٠٩ هەزار و ٢٠٠ میلیارد تمەن گەیشتووە و بە بەراورد لەگەڵ ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو لە سەدا ٣٠.٦ و بە بەراورد لەگەڵ هەمان مانگ لە ساڵی ڕابردوودا ٣٠.٥ ڕووی لە بەرز بوونەوە کردووە.هەروەها لە درێژەی ئەم باسەدا، لە کۆتایی مامەڵەکان لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥، لە بوورسی تاران، بژاردەی بانکی میللەت سەدا ٤٥ بەهای خۆی لەکیس چووە و ئەگەری مایەپووچ بوونی بانکی سەرمایەش لە ئارادایە.بەپێی پێشبینیی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ئەگەرچی ئابووریی ئێران ناوە بە ناوە گەشەیەکی سەدا ٤.٥ هەبووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی داهاتوودا، واتە ٩٦، بەهۆی جێگر بوونی بەرهەمهێنانیی نەوتی ئۆپێک، ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئاستی گەشە کردنی ئابووری لە ساڵی داهاتوودا بە نیوە بگات.
بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، پەرەسەندنی بەرهەمی پوخت نەکراوی نێوخۆیی لەساڵی٩٥دا، لەسەدا ٦.٦ بووە، بەڵام بەهۆی جێگر بوونی بەرهەمهێنانیی نەوتی ئۆپێک پێدەچێت ئاستی گەشەی ئابووری لە ساڵی ٩٦دا، بە لە سەدا ٣.٣ بگات.

بانکەکانی ئێران ڕێڕەوی مایەپوچییان گرتۆتەبەر

لە کۆتایی ئاڵووێرەکانی ٨ی مارسی بورسی تاراندا، بایەخی بانکی میللەتی ئێران ٤٥٪ دابەزی و ئەگەری مایەپوچ بوونی بانکی سەرمایەش لە گۆڕێدایە.
ماڵپەڕی "انتخاب" ئاشکرای کرد؛ لە کۆتایی ئاڵووێرەکانی رۆژی چوارشەممەی بورسی تاراندا، پێوەری گشتیی بورس ٥١٤ یەکە کەمی کرد و گەیشتە ٧٦٢٨٥ یەکە.بەپیی ئەم راپۆرتە و لە دەستەی بانکەکاندا، بانکی میللەت ڕەوتی دابەزینی پێوا و پشکدارانی ئەم بانکە ٦١ میلیۆن پشکی خۆیان فرۆشتووە؛ هەروەها پشکدارانی پۆست بانک و بانکی خاوەرمیانەش ڕوویان لە فرۆشتنی پشکەکانیان کردووە.انتخاب هەروەها بڵاوی کردۆتەوە؛ بانکی سەرمایە بڕی ١٩٦ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن تمەن خەساری کەڵەکەبووی لە بورسدا تۆمار کردووە، کە دەکاتە نیوە زیاتری سەرمایەکانی ئەم بانکە و چاوەدێران پێیان وایە ئەم دۆخە لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەبێتە هۆی مایەپووچ بوونی ئەم بانکە.بارودۆخی بانکەکانی ئێران بە چەشنێکە کە بەشێک لە کارناسانی ئەم بیاڤە دەڵێن سیستمی بانکی ئێران لە سەر دەوری دۆمینۆدایە؛ واتە بەهۆی یاساکانی زاڵ لە ئیران و تێکەڵ بوونی گەندەڵیی ماڵی لە نێو سیستمی بانکیی ئێران، چاوەڕوان دەکرێت بانکەکانی ئێران بەردەوام ڕوو لە مایەپوچ بوون بکەن.لە بەهاری ئەمساڵدا دامەزراوەی بریتانیایی " دارین ئەنلێتیک" لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە دوورەدیمەنی سیستمی بانکیی ئێران کردبوو و پێشبینی کردبوو کە لە ماوەی ٣ تا ٤ ساڵدا بانکەکانی ئێران لە باتیی گەشەکردن، تووشی قەیرانی زۆر گەورە دەبن کە بۆیان قەرەبوو ناکرێتەوە.
بەپیی ئەم ڕاپۆرتە؛ بانکەکانی ئێران بەهۆی دوورکەوتنەوە لە سیستمی بانکیی جیهان و نەبوونی پێوەندیی تۆکمە لەگەڵ بانک و دامەزراوە ماڵییە نێونەتەوەییەکان، ناتوان لە پێشکەوتنە ئامێری و فکرییەکانی جیهان لە بیاڤی کاریياندا کەڵک وەربگرن و ئەمەش وایان لێدەکات کە بەرەبەرە لە ڕێڕەوی مایەپووچ بووندا هەنگاو بنێن.

ئابووریی ئێران لە قۆناغی کێشەوە تێپەڕیوە بۆ قەیران

سەرەڕای بانگەشەکانی دەوڵەتی یازدەیەمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان، کارناسانی ئەم بیاڤە هاودەنگن لەسەر ئەوەیکە نەتەنیا کێشەکان چارەسەر نەبوون، بەڵکوو چوونەتە قۆناغی قەیرانەوە.ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە، بە دەسپێشخەریی سکرتاریەتی شۆرای وتوێژی دەوڵەت و کەرتی تایبەت، دانیشتنێکی تایبەت لەپێوەندی لەگەڵ دوورەدیمەنی ئابووریی ئێران بۆ ساڵی ١٣٩٦ بەڕێوەچوو کە تێیدا جگە لە ڕاوێژکاری ڕۆحانی بۆ کاروباری ئابووری، کۆمەڵێک لە ئابووریناسانیش بەشدار بوون و دۆخی شپرزەی ئابووریی ئێرانیان تاوتوێ کرد.ڕۆژنامەی "جهان صنعت" لە ڕاپۆرتێکدا لەمبارەوە ئاماژەی بە لێدوانی بەشداربووانی ئەم دانیشتنە کرد و ڕایگەیاند کە؛ بەشدارانی ئەم دانیشتنە کۆدەنگن لەسەر ئەوەیکە ئابووریی ئێران لە قۆناغی کێشەوە تێپەڕیوە بۆ قۆناغی قەیران. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئابووریی ئێران لەگەڵ ٦ قەیرانی پێکهاتەیی بەرەوڕوویە.لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە؛ ئەم ٦ قەیرانە بریتین لە: بەرزبوونی نرخی بێکاری کە بووەتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و ئەمە بە هەڕەشەیەکی جیددی بە ئەژمار دێت، بەرزبوونەوەی نرخی نەخدینەیی و کێشەکانی سندوقەکانی خانەنشینی، خراپتربوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی دۆخی ئەمنیەتی فەزای کار و پیشە، زەبەلاح بوونی ڕۆژانەی دەوڵەت و لەپەراوێزخستنی زیاتری کەرتی تایبەت.ئەم دانیشتنە تایبەتە دوابەدوای ئەوە ڕێک خراوە کە ناوەندی ئاماری ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێک داتا و زانیاریی نوێی سەبارەت بە دۆخی قەیراناوی ئابووریی ئێران خستە بەرچاوی بیروڕای گشتی.
لەو ڕاپۆرتەی ناوەندی ئاماردا هاتووە کە؛ هێڵی هەژاری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لە ٣ میلیۆن تمەن نیزیک بووەتەوە.

بۆ ناتوانین خۆمان بە خۆمان بناسێنین

شەهرام میرزایی

بۆ یەکەم جار کاتێک کە بوومە پێشمەرگە، نێوی "تەنگیسەر"م بیست و لەگەڵ قارمانیەتی، خۆڕاگری، نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕیی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئاشنا بووم. وەکوو تاکێک هەتا لە کرماشان بووم هەر نەمدەزانی ئاوا گوندێک بوونی هەیە، یان ڕۆڵی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا بووە و هەیە. بەداخەوە ئێمەی ڕۆژهەلاتی ئەوەندە کە ئاوڕ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەدەینەوە کەمترین ئاشناییمان لەگەڵ زاگرۆس و خەباتەکەی هەیە و بە باشی ڕۆژهەڵاتی خۆمان ناناسین و لەوە خراپتر چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و هەروەها حیزبەکان و لایەنگرانیان کەمترین هەوڵیان لە ناساندنی مێژووی خەباتی ئەم گەلە داوە. بۆ وێنە، کەمترین دەق، وتار و فیلم سەبارەت بە شۆڕش و بزووتنەوەی میللی- دێموکراتیکی کورد نووسراوە یان ئەگەر نووسراوە بە دەگمەن دەگاتە دەستی خوێنەری نێوخۆ.

جێگای سەیرە کە بۆ ئەوەندە چالاکی سیاسیی ئێمە لەم بوارەدا کەمتەرخەمە و گرینگیەکی ئەوتو بەم بابەتە پربایەخە نادات؟؟!! با بە باشی بزانین کە ئەگەر چالاکێکی کرماشانی بە جوانی لەگەڵ خۆڕاگری و شۆڕشگێڕیی خەڵکی سنە، نیەر، نروێ، تەنگیسەر، مەریوان و گوندە لێقەوماوەکانی دەوروبەری کە لە بواری جوغرافیایی زۆر بەو ناوچە نزیکن ئاشنا ببێ و بزانێ کە لەگەڵ ئەو هەموو کوشت و کوشتارە و ئەو هەموو ماڵوێرانییە هێشتا و هێشتا خەڵکی ئەو ناوچانە منداڵی نێو بێشکەیان بە جۆرێک پەروەردە دەکەن کە درێژەدەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بن، بێشک هەڵسوکەوتەکان و چالاکیی نێو کرماشان و ئیلام و لوڕستان زۆر زووتر لە نێو بزاڤی میللی-دێموکراتیکماندا جێگا دەگرێت و ڕەنگ و بۆنی ڕۆژهەلاتی بە خۆیەوە دەگرێ.

هەڵبەت دەبێ ئاماژە بکرێت کە؛ ئەمە تەنیا کێشەی چالاکی کرماشانی نیە، بەڵکوو بەداخەوە بە هۆی نەبوونی مێژوویەکی نووسراو، خەڵکانی ئەو ناوچانەش لەو فکرەدان کە لە کرماشان و ئیلام بزاڤی کوردیمان نەبووە و شۆڕش لەوێ ڕنگ و بۆنی نەبووە، ڕاستییەک کە نیشاندەری نامۆیی کورد لە کورد و مێژووی خۆیەتی، پرسێک کە تاڵیەکەی ئەوەندەیە کە بووەتە هۆی گەشەنەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە بست بە بستی وڵاتەکەمان.

کاتێک ئاوڕێکی بچووک لە ڕابردووی خەباتی دژ بە داگیرکەر لە باشووری کوردستان دەدەینەوە، بە ڕوونی دەبینین کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا کرماشان، ئیلام و لوڕستان دەیان شۆڕشی مەزنی دژ بە داگیرکەری هەبووە و تەنانەت کومیتەی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و خانەقین و کوردە فەیلیەکانی بەغداد لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە بە هۆی چالاکییەکانیانەوە یەکێک لە شانازییەکانی مێژووی خەباتی ئەو ناوچانەیە کە بەداخەوە مێژوونووسی کورد نەیتوانیوە ئەو شۆڕشانە لە چوارچێوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا تێئۆریزە بکات تا ببێتە دەستمایەیەک بۆ ئەکتی سیاسی. نائاشنایی لە مێژووی خۆڕاگری و شۆڕشگێڕانەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتەکەمان تەنیا تایبەت بە خەڵکی نێوخۆ یان خەڵکانی ئاسایی نیە، بەڵکوو ئەو کێشەیە بەرۆکی زۆرینەی چالاکانی کوردی گرتووەتەوە، بۆ وێنە هەر ئاماژە بە سەردەمی چالاکیی کۆمەڵەی ژ.ک لە ١٣٢١ هەتا ١٣٢٣ دەکەم کە کەمتەر کەسێک—تەنانەت ئەندامی حیزبی- ئاگای لە چالاک بوونی کۆمیتەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و خانقین و کوردە فەیلیەکانی بەغداد لەو کاتەدا هەیە، ڕێکخراوگەلێک کە ئەندامەکانی لە کۆماری کوردستان بە هۆی زاڵ بوونی فەزای عەشیرەتی، پەراوێز دەخرێن و ئەوە دەبێتە گەورەترین زەربە لە بەدەنەی بزووتنەوەکەمان کە مەخابن ئاکامە تاڵەکانی ئەو زەربەیە هەتا ئێستاش ماوەتەوە.

نائاشنابوونی چالاکانی ئێمە لە نێوخۆ بە تایبەت لە شارەکانی کرماشان و ئیلام لەگەڵ مێژووی شوڕشگێڕانەی گەلەکەمان یەکێک لە سەرەکیترین بۆشاییەکانی بزاڤی ئێمەیە کە لە فەرهەنگی نادروستی سیاسیمان سەرچاوە دەگرێ، بۆ وێنە ئەو قارمانیەتیە کە خەڵکی کورد لە شەڕی ٢٧ ڕۆژە و هەروەها لە شەڕی سێ مانگەی سنە لە خۆی نیشانی داوە، و ئەو دڕەندەییە کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی بەرانبەر بەو خەڵکەی کردووە، یان قارمانیەتی هێزی بێستوونی حیزبی دێموکرات و ئەو ٥٩ عەمەلیاتە کە لە شۆڕشی چەکدارانەی کوردستاندا بێوێنەیە، بۆ دەشێ لە پەراوێزی مێژوو بخرێت کە تەنیا دەبێ کرماشانیەک ببێتە ئەندام یان پێشمەرگەی حیزبێک تا لەگەڵ ئەو بابەتە ئاشنا ببێت و هەستی پێبکات.

بۆیە لە یەکەم هەنگاودا بەشی تەبلیغات و ڕاگەیاندن و تەشکیلاتی حیزب بە گشتی و دواتر کادر و پێشمەرگە قەڵەم بەدەستەکانی حیزب بە تایبەتی لە بواری ناساندنی مێژووی خەبات و شۆڕشی گەلەکەمان بە خەڵکی نێوخۆ و ئاشنا کردنیان بەو مێژووە پڕ لە شانازییە ئەرکدار و بەرپرسن و دەبێ بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە، هەوڵی چڕ و پڕ بدەن.

دەگەڕێمەوە سەر ناوچەی ژاورۆ و مەریوان و سنە، ناوچەیەک کە دوای نزیک بە ٣٩ ساڵ بەردەوامییان لە خەبات، و دوای چەندین و چەند جار ماڵوێرانی و سووتانی ژیانیان، چەندە عاشقانە و بە شەرەف ڕێگای خەباتیان درێژە داوە و دەیدەن و لەم ڕێگایەدا چەندەها قارمانیەتی و دلاوەرییان لە خۆ نیشان داوە. بۆیە ئەرکی ئەو خەڵکە زۆر سەنگینە - چ خەڵکی نێوخۆ، یان دەرەوە یا ئەندام و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە- لە لایەک دەبێ ئەو مێژووە بپارێزن و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ بە لاپەڕەکانی شانازییان لە ڕێگای سەربەخۆیی نیشتمانمان زیاد بکەن و نەهێڵن ئەو کتێبە پڕ لە شانازییە خەوشدار بێت. لێرە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەو ناوچەیە بە هۆی دراوسێیەتی لەگەڵ باشووری زاگرۆس و کوردستان، پەیوەندی گرتن لەگەڵ کرماشان و ئیلام و لوڕستانە. چینی خوێندەوار، چالاکی فەرهەنگی- سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە و تەنانەت خەڵکی ئاسایی دەتوانن لەگەڵ پەیوەندی "ڕاستەوخۆ" و "ناڕاستەوخۆ" لەگەل چینی "بژاردە" و "ئاسایی"ی ئەو پارێزگایانە و ئاشنا کردنیان لەگەڵ بزاڤی میللی-دێموکراتیکی کوردستان یاریدەری پێشڤەچوونی خەباتەکەمان بن. ڕێگای ساز کردنی ئەو پەیوەندییانە لەم سەردەمەدا زۆر و سانایە و شێوەی چالاکییەکانیش بە پێی "زەمەن و شوێن" دابین دەکرێ، کە بێشک بە هۆی ئەزموونی ٤ دەیەی خەباتی ئەو خەڵکانە، بە باشی دەزانن کە چ شێوە چالاکییەک بۆ ساز کردنی پەیوەندییەکان بگرنەبەر.

شان بە شانی یەک بەرەو داهاتوویەکی ڕوون

بە بۆنەی هەڵگیرساندنی یەکەمین مۆمی تەمەنی لاپەڕەی باشووری زاگروسەوە

ئاوات ساروج

باشووری زاگرۆس لاپەڕەیەک بۆ هەواڵ، شرۆڤە و بابەتی گشتگیر، لەم ڕۆژانەدا پێ دەنێتە یەکەمین ساڵی بڵاوکردنەوەی خۆیەوە. ئەم لاپەڕە کە لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەدەبی بازنەی چالاکیی خۆی پێناسە کردووە، بە مەبەستی زانیاری گەیاندن بە ناوچەکانی ئیلام وکرماشان چالاکیی خۆی دەستپێکرد و لەم ڕێگایەدا لە هەموو پۆتانسیەلەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ پێکانی ئامانجی نەتەوەیی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. هەروەها دەبێ بەو ڕاستیەیش ئاماژە بکەین کە بە هۆی بۆشایی ئاشنایی و ئاگایی ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە دۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو پارێزگایانە، ئەو لاپەڕە بە تەواوەتی هەوڵی بۆ پڕ کردنی ئەو کەمایەسییە داوە و توانیویەتی لە قەدەر توانای خۆی، دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی کرماشان و ئیلام بۆ ڕای گشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوون بکاتەوە و بیانخاتە بەر باس. باشووری زاگرۆس وەک ئاماژەی پێ کرا، زۆر جار زانیاریی خۆی لە هاوڕێیان و کەسانیکی شارەزا لە بوارە گرینگەکان وەرگرتووە و هەموو ئەو زانیاری و بابەتانش کە بڵاوی کردووەتەوە بە نیەتی خزمەت کردن بە گشت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت دەڤەری کرماشان، ئیلام و تەنانەت لوڕستانیش بووە و لەو پێناوەدا ئەرکی خۆی لە قەدەر ئیمکان بەجێ گەیاندووە. چەندەش کەم و کوڕی لە بابەت و ڕاگەیاندنی ئەم بەشەش هەبێت و جێی ڕەخنە و پێشنیاریش هەبووبێت، بە شانازییەوە هەنگاوەکان بەرەو پێشبردن و خزمەت کردنی زیاتر هەڵگیراوە و لاپەڕەی باشووری زاگرۆس ئاوەڵایە بۆ بابەتە بەنرخەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە هەست بە پێویست بوون و خزمەت کردن بە کوردستان و زاگرۆس ئەکەن. باشووری زاگرۆس لە درێژەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بیست و چوارەمین ژمارەی خۆی خستووەتە بەر ڕاو بووچۆنی خوێنەرانی بەڕێز و بیست و پێنجەمین ژمارەی خۆیشی پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە دەکات که تەنانەت بە یەک ڕستەش لە جێبەجێ کردنی ئەرکی ئەم لاپەڕەیەدا هاوبەش و هاوکار بوونە. بێشک بە بێ یارمەتیی ئەو بەڕێزانە لاپەڕەی باشووری زاگرۆس قەت نەیدەتوانی پێ بنێتە دووهەمین ساڵی چالاکیی خۆی و درێژە بە ئەرکە نەتەوەییەکەی خۆی بدات. هەڵبەت دەبێ لێرە بە ڕۆڵی کاریگەری کۆمیسیونی ڕاگەیاندن لە تەرخان کردن وزەی خۆی، بۆ دەرهێنانی باشووری زاگرۆس لە "بێدەنگی هەواڵ" و هەروەها چڕ بوونەوە و جەخت کردنەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر سەرنجدانی هەرچی زۆرتر بەو ناوچانە و لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتیان ئاماژە بکەین، کە پاڵپشت و وەرەبەخشی ئەندامان و نووسەرانی ئەم لاپەڕە بوون و هەن.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە سەرکەوتن بە بێ هاوبەشیی هەموو بەشەکانی کوردستان لە نێو بزاڤەکەماندا دەستەبەر نابێت و دوژمن هەمیشە لە دوور کەوتنەوەی بەشگەلێک لە کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەمان، بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و دەیگرێ. بۆیە هەوڵدانی بێسنوور بۆ گەیاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە دوایین خاڵی سنووری کوردستان، ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەییە. ئەرکێک کە یەکلاکەرەوەی داهاتووی خەباتی ڕەوای کوردە و کەم کاری لەم ڕێگایەدا بێجگە زەربە دان لە بزاڤەکەمان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. بۆیە لە قوناغی نوێی خەباتی گەلەکەماندا بە چڕوپڕتر کردنی چالاکییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و خوێندنەوەی دروستی دۆخی "زەمەنی-شوێن" و پراکتیکە کردنی ئیدە دروستەکان، هەوڵ بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی ڕوون بدەین و هەنگاو بە هەنگاو خەباتەکەمان بەرەو ئامانجی دیاریکراو ببەین.

داهاتووی کورد لە پەنجەرەی نەورۆزەوە

ئەلبورز ڕووئین تەن

مێتولۆژیش وەک مێژوو لە هەگبەی بیرەوەری هەر نەتەوەیەکدا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت بەشێک لەوانە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێناسەی نەتەوەکان. وەک هەر دابێکی دیکە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە دەبنەوە و فەرامۆش ناکرێن و پەرەیان پێ دەدرێن.

نەورۆز یەکێک لەو دابانەیە کە وەک پێناسە بۆ گەلی کورد و یەکێک لەو بۆنە کولتورییانەیە کە تێکەڵ بووە بە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەمان. ڕاستە ڕەنگە نەتەوەی دیکەش هەبن کە خۆیان بە خاوەنی نەورۆز بزانن و ساڵانە ئەو جەژنە بگرن، بەڵام بۆ کورد زیاتر مانای هەیە، چوونکە بۆ کورد هێمایەکە بۆ دۆزەکەی، هەر بۆیەش بەردەوام بۆ دوژمنان نەورۆز یەکێک لە ڕووداوە مەترسیدارەکانە، هەر بۆیەش ڕێگەی نەداوە تا کورد ئەو جەژنە بە ئازادی بگرێت و بە دەیان داستان و بەسەرهات شایەدی بۆ ئەو چەندە دەدەن.

نەورۆزی ئەمساڵیش لە کاتێکدا نزیک دەبێتەوە کە کورد بە گشتی چاوی بڕیوەتە ئەوەیکە مۆژدەی بەهاری ئازادی بێنێت. ئەو بەهارە بۆ هەریەک لە پارچەکانی کوردستان واتای تایبەتی خۆی هەیە، لە باکوور بەهاری ئاشتی و بەهاری گەیشتن بە مافە زەوت کراوەکانێتی، بەهاری دیتنەوەی ڕێگەی دروستی خەبات، بەهاری یەکگرتنی کورد لە سەر فورمولێکی تایبەتە بۆ خەبات. لە ڕۆژئاوا بەهاری لەدەستنەدانی دەسکەوتەکان و بەهاری ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە. لە باشوور بەهاری بڕیاردان لە چارەنووسی نەتەوەیەکی چاوەڕێیە، بەهاری چارەسەری قەیرانەکانە. لە ڕۆژهەڵات زۆر گەرموگوڕترە لە پارچەکانی تر، چوونکە چواردە میلیۆن تاکی کورد بۆ کۆتاییهێنان بە ڕۆژگاری بندەستی، چاوەڕێی هەنگاوەکانی خەباتگێڕانیەتی و مۆژدەکەشی هەر لە نەورۆزی ڕابردووەوە پێی گەیی. بۆیە شرۆڤەی ڕووداوەکانی داهاتوو بەر لە نەورۆز و ئەوەی کە چەندە بەهاری داهاتوو ئەو داخوازانە دێنێتە دی، گرینگی خۆی هەیە.باکوور ساڵی ڕابردوو ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی ناخۆش بوو بۆ کوردستانی باکوور، چوونکە لەو ساڵەدا نەتەنیا هەنگاوێک لە ئامانجەکان نیزیک نەبووینەوە، بەڵکوو دوورتریش کەوتینەوە، ئێستا کە تورکیە بەرەو دەستوور و سیستمێکی نوێ دەڕوات، چۆنیەتی خەباتی کوردان لەو بەشە گرینگی خۆی هەیە. بەڵام لێرەدا چەند ڕاستیی حاشاهەڵنەگر هەن، ئەویش ئەوەیە کە؛ چارەسەری ئاشتییانە زیاتر دەتوانێ کورد لە مافەکانی لەو پارچەیە نیزیک بکاتەوە و بەپێچەوانەکەشی دوورتری دەخاتەوە و ئەوش لە ساڵێ ڕابردوودا سەلمێندرا. ئەوەی کە دەبێ کە کوردەکان زیاتر لە هەموو کاتێک گرینگی پێبدەن ئەوەیە کە، جارێکی دیکە بە هەر شێوەیەک بێت دەرفەت بۆ ئەو جۆرە سیاسەتە بڕەخسێنن، چوونکە ئەگەر بێتو هەر لە چوارچێوەی خەباتی چەپەکانی تورکدا بمێننەوە، ئەوا نەتەنیا خزمەت بە کورد ناکات، بەڵکوو زیاتر کورد لەگەڵ شەڕ وماڵوێرانی بەرەوڕوو دەکەن و هاوکات کورد لە پارتە تورکەکان نزیک دەکەنەوە. لێرەدا ئەوەی کە گرینگە خەباتی پارتەکانی دیکەیە، واتە ئەوانەی بە جیاواز لە پەکەکە بیردەکەنەوە. چوونکە ئەگەر ئەوان بتوانن لە گەڵ دۆخی نوێدا خۆیان بگونجێنن و نوێنەرایەتیی بەشێکی کورد بکەن، ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی گونجاوتردا دەبەن، بێگومان ئەوەش کارێکی سەختە، بەڵام ئەگەر مێتودی خەباتی سەردەمیانە بگرنەبەر، دەتوانن.

هەر بۆیەش خەباتی کورد لەو پارچە گرێدراوە بە خەباتی ئەو پارتە نەتەوەییانە کە پۆتانسییلی خەباتی ئاشتیخوازانەیان هەیە، ئەوان چەندە بەهێز بن ئەوەندە دۆزی کورد دەتوانێ بەرهەمدار بێت، بۆیە دەبێ بۆ هەڵبژاردنەکان زۆر هەوڵ بدەن، ئەو شێوازە لە خەبات پێداویستیی تایبەتی خۆی دەوێ و ئەگەر بتوانن ئەو پێداویستییانە دابین بکەن، دەتوانن کاریگەر بن.

ڕۆژئاوالە ڕۆژئاوا دۆخەکە دیسان پەیوەندیدارە بە دۆخی پەکەکەوە، بەڵام دوای هاتنی ترامپ هاوکێشەکانی ناوچە بە لاسەنگی تورکیەدا گوڕدراوە و زیاتریش دەگۆڕێت. ئەگەر بێتو ئەو گوڕانکارییانە ڕەچاو نەکرێن و هەر سازی تاکڕەوەی بەردەوام بێت، ناتوانن کەڵک لەو دەرفەتە مێژووییە وەرگرن. ئەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوا حوکمی تاکڕەویی هەبووە، دەرفەتێکی زۆر گرینگ لە دەست چووە، چوونکە ئەگەر ئەو شێوازە سیاسەتە نەبا، لەوانەبوو ئێستا هەرێمێکی فیدراڵ هەبا وەک باشووری کوردستان، کە ئەوەش بنەمای ڕووخانی دەوڵەتی ئەسەد دەبوو. پێم وایە ئێستاش هەر هەمان سێناریۆ هەیە، چوونکە جوولەی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژ و ترافیکی دیپلۆماسیی بارزانی-تورکیە - ئەمریکا بۆ درووست بوونی ئەو پرۆژەیە، دەنگۆی درووست کردنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژئاواش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە. بەڵام هیوادارم ئەوە بە کەمترین تێچوو بۆ کورد بێتە دی. اشوورلە کوردستانی باشوور دۆخەکە بە تەواوی جیاوازە، دوای ئەوەی چوار ساڵ پێش بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ هەوڵیاندا حکومەتێکی بنکە فراوان پێکبێنن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بەرەو سیاسەتێکی نیشتمانی بڕۆن، بەڵام ئێستا زۆر بە باشی دەبینین کە ئەو تێزە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو زۆر گرفتیشی دروست کردووە، هەر بۆیەش لەو بەهارەدا و لەوەبەدوا چاوەڕوانیی سیاسەتێکی دیکە دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی زیاتر هەڵگرن. ئێستا گرنگترین باسی کوردستانی باشوور سەربەخۆیی و قەیرانە ئیدارییەکانن، هەربۆیەش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و چارەسەری قەیرانەکانیش، پێویستیی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی سەرکەوتووی نێوخۆیی هەیە، چوونکە هەردوو بوار پەیوەندییان بە گرفتەکانی نێوخۆییەوە هەیە. بەڵام یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکانی سەر کوردستانی باشوور بە تایبەتی دوای داعش، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزێکی وەک حەشدی شەعبییە، چوونکە ئێران دوای ئەوەی کە نەیتوانی لە ڕێگەی دەستتێوەردانی نێوخۆیی بە ئامانجەکانی بگات، لەو هێزە کەڵک وەردەگرێت. هەر بۆیەش چەند لە هەنگاوی جیدی نزیک بووینەوە، بە هەمان ئەندازەش مەترسییەکان گەورەتر دەبن. بۆ پێشگرتن بەو مەترسییانە، سەرەڕای هەبوونی سیاسەتێکی یەکدەنگی نێوخۆیی، پێویستی بە هاوکاریی زلهێزەکان و بوون بە بەشێک لەو هاوکێشە سیاسییانەی ناوچەکە کە دژایەتی ئێران دەکەن زەرووریە. بەخۆشییەوە ئێستا کوردستان لە هاوکارییەکی نزیکی ئیدارەی ترامپ و تورکیە و بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی کەنداودایە. ئەوەی هەر کوردێک چاوەڕوانیی سیاسەتێکی سەرکەوتووی لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشووری هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە؛ دوای کۆماری کوردستان هیچکات کورد ئەوەندە نزیک نەبووە لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی، هەر بۆیەش هیوای هاتنی بەهاری سەربەخۆیی دەخوازن.

خۆرهەڵات

ئەو بەشە لە کوردستان وێڕای ئەوەی کە لە ژێر داگیرکاریی دڕندەترین دوژمنی کورددایە، پێویستی بە زۆرترین ماندووبوون و هەوڵ و تێکۆشان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئامانجەکانی نیزیک ببێتەوە. ئەوەش نامومکین نیە و باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە دروست بوونی ئەو هیوایە لە دوای ڕاسانی ڕۆژهەڵات، لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە.ئێستا بۆ ئەوەی بتوانین ببین بە خاوەنی بەرهەمی هەستپێکراو، چەندین هەنگاو پێویستن. بەشێک لەو هەنگاوانە دەستیان پێ کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی بەهاری ئەو ساڵ زۆرترین کاریگەریی هەبێ، هەنگاوی زۆرمان ماون. سەرەتا بەهێزترکردنی ڕاسان و دەوڵەمەندکردنیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی وەڵامدەری باری قورسی بەرپرسیارەتی خۆی بێت. بۆ ئەوەش کۆنگرەی داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر گرینگە، چوونکە حدکا ڕێبەرایەتیی ڕاسان دەکات و بەرهەمداربوونی ئەو کۆنگرەیە وەک زەروورەتێکی هەنووکەییە. گرینگە لەو کۆنگرەیەدا هەموو گرفتەکان بە باشی بخرێنە بەر باس و گفتوگۆ و بە شێوەیەکی زانستییانە و شۆڕشگێڕانە کار بکرێت بۆ ئەوەی میکانیزمی پێویست بۆ چارەسەری گرفتەکان دابنرێت، تەنیا ناساندن یا باس کردنی ڕواڵەتی ناتوانێ هاوکاریی ڕاسان بکات. خاڵی گرینگی هەستیاربوونی ئەو کۆنگرە وا دەکات کە؛ زۆر هەوڵ بدەین کە نەتەنیا هەنگاو بەرەو دواوە نەهاوێژین، بەڵکوو بە بیرکردنەوەیەکی سەردەمیانە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕابردوو، باشترین و بەسوودترین ڕێگە بگرینە بەر. ئەو چەندە، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر هەموو کوردستانی خۆرهەڵات دابنێت، ڕاستە زۆر هێز لە کوردستان خەبات دەکەن و قوربانییان داوە، کەس ناتوانێ لەبەرچاویان نەگرێ، تەنانەت سەرکەوتنی کۆتایی لە هاوکاریی هەموو ئەو هێزانەدایە، بەڵام ڕاستییەکان دەڵێن کەس ناتوانێ کاریگەریی حدکا لە ٧١ ساڵی ڕابردوودا ڕەت بکاتەوە و تەنانەت وەک داینەمۆی خەبات لە کوردستانی خۆرهەڵاتە، واتە بەهێز بوونی، بەهێز بوونی شۆڕشە. بۆیە هەنگاوەکانی ئەو هێزە دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەرپرسایەتییە بێت. ئەگەر بێتو لەو هەنگاوەدا، واتە لە کۆنگرەدا سەرکەوتوو بێت، کە هیوای هەموومانە، دەتوانێ لە دۆسیە نیشتمانییەکانی وەکوو ڕاسان، وەکوو بەرە، وەکوو حکوومەت و دەستووری داهاتووی کوردستان، وەکوو بەرەنگاریی کۆماری تیرۆریستی ئێران، وەکوو بوون بە بەشێک لە هاوکێشەی ناوچەیی، زۆر سەرکەوتووتر لە جاران هەنگاو بنێت. ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیە کە، بە شێوەیەکی نیشتیمانی بەرەو نەورۆز دەڕۆین، واتە هەموو لایەنەکان لە نەورۆزدا بەشدارن، هەر ئەوە هیوای زیاتر درووست دەکات، نەورۆزی هاوبەش، بەهارێکی هاوبەش، سیاسەتێکی هاوبەش بۆ بابەتە نیشتمانییەکان دروست دەکات.

شرۆڤەکان بۆ نەورۆز و بەهاری داهاتوو لە هەموو کوردستان خاوەنی چەند ڕەهەندی هاوبەشن. مەترسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر وێکدەچن و لە شوێنێکەوە دێن، واتە کۆماری تیرۆریستی ئێران، واتە هەموو پێکەوە دەبێ هەنگاو بنێین بۆ لاوازکردنی ئەو کۆمارە دواکەوتووە و هەر لایەنێک بەپێی توانا و لەڕێگەی پێویستەوە. هەروەها هەموو هەنگاوەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج، پێویستی بە یەکڕیزی و سەردەمیانەبوون و زانستیانەبوون و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و پۆتانسیێلەکان خۆی دەبینێتەوە. بەو هیوایە کە هەموو هەنگاوەکانی پێویست و دروست ببنە ڕاستی، بە شێوەیەک کە ئەو نەورۆزەش نەبێ، نەورۆزی داهاتوو، نەورۆزی نەتەوەیەکی ئازاد لە کوردستانی ئازاد بێت.

درێژەی لاپەڕەی ٦

تاوانباری خۆفرۆش "غەفوور سەلاحی"یان بە دەستڕێژی گوولە سزا دا .جاشی ناوزڕاو غەفوور، بەرپرسی دەستەی سیخوڕیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە شاری شنۆ بووە و دوایین کردەوەی خۆفرۆشانەی، بەشداری لە تاوانی "قەرەسەقەڵ"دا بوو.

٢٥ی خەزەڵوەر: چواردەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای لەبەرچاوگرتنی هەموو خاڵە ئەرێنییەکانی ڕاسان، بە لێبڕاوییەوە پێی لەسەر بەردەوامیی ڕاسان داگرتەوە و بۆ بەهێزترکردن و شوێندانەرترکردنی ڕاسان شێوەی چارەسەر کردنی کەم و کوڕییەکانی دەستنیشان کرد.

٢٥ی خەزەڵوەر: پۆلێك هەڵۆی زاگرۆس لە نێو لە نێوان گوڕستانی شەهیدان و مەجیدئابادی شاری شنۆ، لە جاشێکی چڵکاوخۆری "ئیتلاعات" ڕۆهاتن و لە سزای تاوانە قێزەونەکانی دەرهەق بە هاونیشتمانانی، دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

مستەفا وەیسی ناوزڕاو بە مستەفا درۆ، بە تاوانی کوێرکێشی بۆ دەزگا سیخوڕی و سەرکوتکەرەکانی پارێزەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە شاری شنۆ، پیدۆزی و پەلکێشی و ملۆمۆ بە شوێنپێی تێکۆشەرانی شار و پێشمەرگەکانی شاخدا و هەروەها هاوکاریی دوژمن لە تاوانی لەبیرنەکراوی ئاوایی "قەرەسەقەل"دا سزا درا.

٢٦ی خەزەڵوەر: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆ بوویەوە.

١٦ی سەرماوەز: کۆماری ئیسلامیی ئێران کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری بە دژی جووڵانەوەی کورد لە ئێران و بە تایبەت ڕاسانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەناوی "کاک و جاش" لە کاناڵی ٣ی تەلەڤیزیۆنی ڕێژیم بڵاو کردۆتەوە کە ئەوپەڕی ترس و زراوچوونی سەرانی ڕێژیم لە جووڵانەوەی گەلی کورد نیشان دەدات.

١٧ ی سەرماوەز: ماڵپەری کوردستان میدیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕاسان سەرقاڵی ڕەشبگیری لە کوردستانە. بەپێی ئەم هەواڵە ڕێژیم لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٢٢٠ هاووڵاتی کوردی دەستبەسەر کردووە. زۆربەی ئەم گیران و دەستبەسەرکردنانە لە شارەکانی سەقز، سنە، کامیاران، بۆکان، دیواندەرە، مەهاباد، قوروە،کرماشان، شنۆ و پیرانشار بووە.

٢٦ی سەرماوەز: لە سەر بانگهێشتی فەرمیی زانکۆی ئەمریکایی لە کوردستان هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیتی سکرتێری گشتیی حیزب کوردستان بەشدارییان لە کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان لە داهاتوودا، ڕووبەڕووبوونەوە و دەرفەتەکاندا کرد.

٢٧ی سەرماوەز: ئیسماعیل بێشکچی سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕۆژنامەوانی ناسراوی تورك بە یاوەریی ئیبراهیم گوریوس سەرۆکی سەنتەری ئیسماعیل بێشکچی، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و پشتگیری خۆی بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

٢٨ی سەرماوەز: مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەری ئانادۆڵ ڕایگەیاند کە: "ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تەحەمول بکات پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا هەبێت، ئەوە نامانەوێت خەبات بێتە خەباتی چەکداری، بەڵام ئەگەر ئەوان هێرش بکەن، پێشمەرگە ناچارە بەرگریی بکات، بۆیە بەگشتی بزووتنەوەی چەکداریی ئێمە بەرگریکردنە لە خۆمان تا هێرشکردن".

٢٨ی سەرماوەز: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دیدارێکدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە و سەبارەت بە هاوکاریی هەر دوو لایەن، بە ئاوڕدانەوەیەك بە ڕێککەوتننامەی سیاسیی نێوانیان، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەیئەتی هەر دوو لا لە بواری جۆراوجۆردا پێکەوە درێژە بە دانیشتنەکانیان بدەن و لەسەر بەرنامەی کاری هاوبەشیان ئامادەکاریی پێویست بکەن.

٢٩ی سەرماوەز: ژمارەیەك لە خوێندکارانی زانکۆی مەهاباد بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات سروودێکیان ئامادە و پێشکەش بە خەبانی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و بەم کردەوە فەرهەنگییە دەنگی مافخوازیی خۆیان خستە پاڵ هێزی پێشمەرگە و پشتیوانی لە خەباتی شار و شاخ دەکەن.

١٧ی بەفرانبار: تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغاتی، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدان و حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە. هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بۆ بەرز نرخاندنی وەرزی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گرێدانی خەباتی شاخ و شارەوە، بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغیان لەو شارە بەڕێوە برد.

١٩ی بەفرانبار: لە شاری زووریخ لە وڵاتی سوویس سێمینارێك لەژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ئەرکەکان و ئەگەرەکان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی سوویس و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

١٩ی بەفرانبار: کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانیی پۆلێك لە هەڵۆکانی زاگرۆس بە نارنجۆکی دەستی هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی سپای تێرۆریستیی پاسداران لە ساڵحاوای بانە.

٢ی ڕێبەندان: هەڵۆکانی زاگرۆس لە گوندی "سەردۆش"ی مەریوان پەلاماری خۆفرۆشانیان دا و بۆ ماوەی ١٥ خولەك ئاگریان بە سەر مۆڵگەیەکی بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا باراند، بە جۆرێك کە هیچکام لە هێزەکانی ڕێژیم نەیانتوانی دەست بکەنەوە.

٢ی ڕێبەندان: لاوانی ڕاسان لە شاری سنە، لە پەیامێکدا ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لە هەموو خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی کرد.

٢١ی ڕێبەندان: هەڵۆکانی زاگرۆس لە پەلامارێکدا بۆسەر کۆمەڵێك لە چەکدارانی ڕێژیم لە گەڕەکی "کەلوڕاوای" شاری بۆکان (افشار ١) دوو جاشیان بە ناوەکانی "ئەنوەر ئەمینی" ناسراو بە "ئەنوەری عەلی دارفرۆش" و "ئەمیر عەلی پوور" ناسراو بە "ئەمیری عومەر مەحمەڵ" بە سزای تاوانەکانیان گەیاند.

٢٢ی ڕێبەندان: هەڵمەتی تویتەری بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لە ڕێی دەنگدانەوە، بە سەرکەوتوویی لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوە چوو. چالاکانی هەڵمەتەکە پێیان وایە جگە لە کوردەکان، بەشێکی زۆر لە عەرەبەکان و ژمارەیەك لە ئێرانییەکانیش بەو هەڵمەتەوە پەیوەست بوون.

٨ی ڕەشەمە: لە درێژەی هەوڵە نەزۆکەکانی ڕێژیمی ئیسلامی تاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاسان، پاسدار نەقدی، جێگری فەرهەنگیی سپای تێرۆریستی پاسداران لە سەردانێکدا بۆ چەند شاری کوردستان، لەوانە سنە، سەقز، مەهاباد، بۆکان و...هتد بە چەکدارە خۆفرۆشەکان وتی: "لە ساڵی داهاتوودا شەڕێکی قورس لە نێوان ئێمە و هێزە دژبەرەکاندا دێتە ئاراوە کە وەك سپای پاسداران پێویستیمان بە هاریکاری و چاوساغی و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئێوە هەیە".

٩ی ڕەشەمە: کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا داوای لە چەکدارانی بەکرێگیراوی ڕێژیم لە کوردستاندا کرد واز لە خەیانەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بهێنن و سەنگەرەکانیان لە بەرەی داگیرکەرەوە بگوازنەوە بۆ بەرەی گەل.

١١ی ڕەشەمە: ٦ حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کۆبوونەوەیەکدا وێڕای هاودەنگی لەسەر هەوڵی ژمارەیەك ئەندام پارلمانی عێراق بە مەبەستی دەرکردن و چەککردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان پێك هێنا تاکوو لەم ڕێگەوە هەوڵ بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانە شوومە بدەن و بۆ سەردان و دیدار لەگەڵ سەرۆکی کۆتلە پەرلەمانییەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان بەرنامەی کاری هاوبەش بەڕێوە ببەن.

١٢ی ڕەشەمە: ڕاگەیەندرا کە ڕێژیمی ئێران لە دوایین هەوڵەکانیدا دژ بە خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی دژبەری ئەو ڕێژیمە، لە پۆلی ٦ و ٧دا وانەی دژی ئەو حیزبانەی بە فەرمی لە خوێندنی قوتابیان زیاد کردووە.

١٧ی ڕەشەمە: هەڵۆکانی زاگرۆس لە گەڕەکی "فنی حیرفەیی" شاری بانە، بەکرێگیراوێك بە ناوی "نەبی مەجیدیان" خەڵکی سنە و جێگری گرووهی زەربەتی ڕێژیم لە بانەیان بە سزای خەیانەتەکانی بە گەل و نیشتمان گەیاند.

٢٠ی ڕەشەمە: کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە پەیامێکی بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی داوای لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کرد کە:

"با ئەمساڵیش هەموومان بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز و هەوڵدان بۆ بڵێسەدارترکردنی ئاگری سەرکەشی خەباتێکی یەکگرتووانە لە شار و شاخدا تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و ڕزگاربوونی یەکجاریی کوردستان، دەست بخەینە نێو دەستی یەکتر و پاڵپشتی دڵسۆز و بە ئەمەگی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بین".

٢٣ی ڕەشەمە: ماڵپەری کوردستان میدیا ڕایگەیاند، ماوەیەکە هێزەکانی سپای پاسداران لە شنۆ، لە کاتی بەرەوڕوو بوونیان کارتی پێناس لە "فرۆشیارە گەڕۆکەکان" وەردەگرن و لە کاتی سەردان بۆ وەرگرتنەوەی پێناسەکانیان، داوایان لێ دەکەن هەر زانیارییەکیان لە سەر پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەر دەست کەوت، سپا ئاگادار بکەنەوە. پەنا بردن بو دەستفروش و چەرچییەکان، دوایین هەوڵی نەزۆکی ڕێژیم بو بەرەنگاربوونەوەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە.

شەوی ٢٦ی ڕەشەمە: پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس بە مەبەستی سزادانی تاوانبارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر سنووری مەریوان، پەلاماری ڕەوەیەک لە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییان دا. لە ئاکامی هەڵمەتی بوێرانەی هەڵۆکاندا دوو چەکداری دژی گەلی کوژران و یەکێکیش بە توندی بریندار بوو.

هەڵاواردنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار

وتاری مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەیەکدا لە پارلەمانی سووییس لە پێوەندی لەگەڵ "نەتەوە ستەملێکراوەکان و کەمینەکانی ئێران".

مستەفا هیجری

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتەوە، بە یاساییکردنی ئایینی فەرمیی (شیعەی ویلایەت فەقیهی) و زمانی فەرمیی (فارسی) سیاسەتی هەڵاواردن و پەراوێزخستنی ئەوانی دیکەی خستە بەرنامەی کارییەوە و تا ئێستا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تێکۆشاوە ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی نەرم ئەفزاری و سەخت ئەفزاری بەرەوپێش بەرێ. ئەم سیاسەتە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو نەتەوانەی گرتووەتەوە کە هەڵگری بیروباوەڕی ئایین و زمانی فەرمی و یاسایی وڵات نین، بە جۆرێک کە شوێندانەریی نەرێنیی ئەم سیاسەتە لەسەر ئەو نەتەوانە کە پێکهێنەری لانیکەم نیوەی حەشیمەتی ٨٠ میلیونیی ئێرانن، گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار.

تا ئێستا ئەوەی زۆرتر لەسەر ئەو نەتەوانە باس کراوە پێکهێنانی فەزای زۆر ئەمنییەتی لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی ئەوان و هەڵکشانی ژمارەی لە سێدارەدان و زیندانی کردنی درێژخایەن لەسەر چالاکانی سیاسی و لاوەکانیان بووە و دنیا کەمتر شارەزایی لەسەر ئاسەواری سیاسەتی هەڵاواردنێک هەیە کە ڕێژیم دەرحەق بەو نەتەوانە پێڕەوی دەکا، کە بۆ خۆی ژینۆسایدێکی سپییە کە کۆماری ئیسلامی بە دوور لە چاوی دنیا بەڕێوەی دەبا.

پێشگرتن بە خوێندن بە زمانی دایک هەر ئەوە نیە کە منداڵێک لە جیاتی زمانی دایک زمانێکی دیکە(فارسی) فێر دەبێ، بەڵکوو مەبەستەکە زۆرتر پیلانێکە کە ڕێژیم بە هۆیەوە سیاسەتی یەکسانسازی بەڕێوە دەبا. منداڵێکی کورد کاتێک لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆی بێبەش دەکرێ، مێژووی نەتەوەی خۆی تەنیا لەو سەرچاوە فارسییانەوە دەخوێنێتەوە کە ناوەند و نووسەرە ڕێگە پێدراوەکانی ڕێژیم بوی دەنووسنەوە، مێژوویەکی چەواشەکراو، و پڕ لە درۆ کە لە ڕاستی بە دوورە، بۆ ئەوەی لاوێک هەنگاو بە هانگاو بەرەو ئەو بۆچوونە بەرن کە لە مێژووی نەتەوەی خۆی بێزار بێ، لە باری کولتورەکەشی هەر بەم شێوەیە. لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا ئەم منداڵە زمانی فارسییەکەی تەواو نیە چوونکە بنچینەی شکڵگرتنی زمان بۆ ئەو، زمانی کوردییە، کە لە ڕۆژی لە دایکبوونیەوە تا دەنێردرێتە خوێندنگە لە بنەماڵەدا گوێی لێ بووە و پێی گەورە بووە. زمانی فارسی بۆ ئەو لە تەمەنی ٥ ـ ٦ ساڵییەوە دەست پێدەکات، بەڵام منداڵە فارسە هاوتەمەن و هاوپۆلەکەی کە لە باری فێربوونی زمانی فارسییەوە کە کاتی چوونی بۆ خوێندنگە ٥ ـ ٦ ساڵ لەو لە پێشترە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە کوردە فارسییەکەی لەهجەی هەیە و توانایی دەربڕینی هەمیشە لە فارسەکە لاوازتر دەبێ، کە زۆرجار هەست بەکەمی دەکا لە کاتی قسەکردن بە زمانی فارسی، ئەو گرفتە زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی کە هێندێک بنەماڵە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە کاتی گەورەبووندا ئەو هەستەیان لا دروست نەبێ، لە بنەماڵەدا دەست دەکەن بە فارسی قسەکردن، کە ئەوەش بۆ خۆی کارەساتێکی دیکەیە و سەرەتای توانەوە لە فارسدایە بە (ئاسمیلەبوون)، کە ئامانجی ڕێژیمە.

فاکتەری گەشەی‌مرۆیی (Human Development Index) کە بریتییە لە سێ فاکتەری ژیانی درێژ وتەندروست، دەست ڕاگەیشتنی ئازاد بە زانست و مەعریفە و ئاستی ژیانی گونجاو، پێمان دەڵێ کە چوار پارێزگای کوردنشین گەشەی مرۆییەکەی لە چ ئاستێکدایە. دیارە ئاستی گەشەسەندوویی کوردستان و بەگشتی ئێران، لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد ناکرێ، بۆیە ئەم بەراوردە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی ئێران دەکەین:

. بە پێی ئامارە لێڵ و بڕواپێ‌نەکراوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٦، ناوچە کوردنشینەکانی ئێران واتە چوار پارێزگای کرماشان و ئیلام و کوردستان و ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) لە بواری بێکاری و ڕادەی داهاتی ساڵانە و بەشداربوون لە ئیدارەی باڵای وڵات لە نزمترین ئاست و لە پلەی خواری خشتەکەدان و، تەنیا لە پێش دوو پارێزگای بەلووجستان و کۆهکیلۆیەدان. دیارە ڕادەی زۆری بێکاری و کەمبوونی داهاتی ساڵانە و نەبوونی کورد لە بەڕێوەبەریی باڵای وڵاتدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوچە کوردنشینەکان لە سێ فاکتەری گەشەی مرۆیی بێبەش بن و لە نزمترین ئاسدا بن و پەراوێز بخرێن.هەر بە پێی ئەو ئامارە، لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا ڕادەی بێکاری، نەبوونی کورد لە بەشداریی لە ئیدارەی باڵای وڵات و هەروەها نزمیی داهاتی ساڵانەی، پیشاندەری ئەوەیە کە ناوچە کوردییەکان واتە چوارپارێزگای کوردنشین بە شێوەیەکی بڕیاردراو و سیستماتیک پەراوێز خراون و لە نزمترین ئاست واتە پلەی مەترسیدان و، ئەمە لە بنەڕەتدا ڕێگەخۆشکەرە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و گواستنەوەی ناوەندی قەیران بۆ کوردستان و، بیانوو بۆ سەرکووت کردنی خەڵک و دانە پاڵی تۆمەتی جۆراوجۆر وەک بەستراوە بە ئیسرائیل، دوژمنانی ئێران، دژی شۆڕش و ...، بە مەبەستی سەپاندنی سزای قورس بەسەریاندا.

پارێزگای سنە بەپێی هەموو ئامارە دیاریکراوەکانی دامودەزگاکانی ڕێژیم و وتووێژەکانی بەرپرسانی ئەم پارێزگایە، یەکێک لە دواکەوتووترین پارێزگاکانی ئێرانە ولە بواری پێوەرەکانی گەشەی مرۆیی یۆنسکۆ، لە کۆتایی خشتەی پارێزگاکانی ئێراندایە.

"عەبدۆلمۆحەممەدی زاهێدی" پارێزگاری سنە لە کۆبوونەوەی بەخشدارانی ئەم پارێزگایە لە سەرەتای ٢٠١٦دا بە ڕاشکاوی دەڵێ: "لەم ساڵانەی ڕابردوودا بە هۆکارگەلی جۆراجۆر ڕەوتی گەشەی پارێزگای سنە زۆر بە کزی پێشڤەچوونی بە خۆیەوە دیوە و، لە بواری ئابووری بەربەستێکی زۆر لەبەردەم گەشەکردنی ئەم پارێزگایەدا پێکدێ، خەڵکی پارێزگای سنە توانای ئابوورییان زۆر لاوازە و لە دابینکردنی بژیوی ژیان تووشی گەلێک سەخڵەتی دەبنەوە(١).

لە بواری ڕێگەوبانەوە بە وتەی "عەلیڕەزا ئاشناگەر"، جێگری سیاسی و ئەمنیەتیی پارێزگاری سنە، "بارودۆخی ڕیگەوبان لە پاڕیزگای سنە لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران، شایانی باس کردن نیە و، بۆ گەشەی ئەم پارێزگایە دەبێ هەوڵی جیدی بدرێت". ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات کە؛ "پارێزگای سنە لە بواری گەورەڕێ، ئۆتووبان، ڕێگەی ئاسن و فرۆکەخانە (بێجگە لە شاری سنە) بێبەشە"(٢).

بەپێی هەڵسەنگاندنێک لە نێوان پارێزگای سنە (وەک نموونەیەک لە ٤ پارێزگای کوردستان)، و هێندێکی دیکە لە پارێزگاکانی ئێران، دۆخی نالەباری پارێزگای سنە سەرەڕای گەورەیی قەبارەی، وەک نیشانەیەک لە سیاسەتی هەڵاواردنی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نیشان دەدا.

لە ساڵی ٢٠١٥ی هەتاوی بوودجەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای سنە بە بەراورد لە گەڵ نێونجی ئەو بوودجەیە کە لە ئیران ١٦لە سەدە، ١٣/٤ بووە.

بەپێی ئامارەکان، پارێزگای سنە لە بواری ڕێگاوبانەوە لە ئاستی دوایی خشتەی پارێزگاکانە و لە ڕووی کوالێتییەوە پلەی ٢٧ی هەیە.

بەپێی ئاماری پێوەرەکانی گەشەی مرۆیی ئێران (امارتوسعەی انسانی ایران) بۆ ساڵی ٢٠١١ی هەتاوی، لە بواری پێوەری هیوا بە ژیان(امید بە زندگی)، پارێزگای سنە لە نێوان هەموو پارێزگاکانی ئیراندا لە ئاستی٢٧ دایە. لە بواری پێوەری پەروەردە لە ئاستی٢٩ و، لە بواری داهات و هیزی کڕین لە ئاستی٢٨ دایە. بە لەبەرچاوگرتنی هەر سێ پێوەرەکە، ئاستی گەشەی مرۆیی(توسعەی انسانی) بە کۆی گشتی پارێزگای سنە لە ئاستی٢٩ دایە(٣).

لە بواری کۆمەڵایەتی بارۆدۆخی پارێزگای سنە لە دۆخێکی نەباش دایە. بەداخەوە بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیم لە کوردستان، ئاستی مامناوەندیی خەڵک لە بواری دەسڕاگەیشتن بە ژیانێکی ئابڕوومەندانە ڕوو لە دابەزینە و، بە شێوەیەکی ڕوون ئەم پارێزگایە لە نێوان ڕێژەیەکی زۆرینەی کەمدەرتان و، ڕێژەیەکی کەمینەی دەسڕۆیشتوو دابەش کراوە. بەپێی ئامارەکانی کاروباری کۆمەڵایەتیی پارێزگای سنە، ڕێژەی تەڵاق لە ئەم پارێزگایە نرخێکی مەترسیدارە. بەرپرسی دەفتەری کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی پارێزگای سنە لە وتووێژێکدا دەڵێ: "بێکاری و تووشبوون بە مادەسڕکەرەکان لە گرینگترین هۆکارەگەلی جیابوونەوە و تەڵاق لە نێو بنەماڵەکانی پارێزگای سنەیە". بەرپرسی گشتیی تۆمار کردنی باری کەسێتی (سەبتی ئەحواڵ) پارێزگای سنە لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵنێری ئیلنا ئاشکرای دەکات کە؛ ڕێژی تەڵاق لەم پارێزگایە بۆ٦٤/٢ لە سەد بەرزبووەتەوە وڕێژی هاوسەرگیری بۆ ٩/٩ لە سەد، دابەزیوە.

ئەمە کورتەیەک بوو لە دۆخی کوردستانی ئێران کە بە جیددی لە ژێر مەترسیی ئاسمیلاسیۆنی ڕێژیمدایە و دنیا لێی بێدەنگە.

سەرچاوەکان

١. زاهێدی،١٣٩٤وێبسایتی ڕێکخراوی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای سنە

٢. ئاشناگەر،١٣٩٥، هەواڵی ناوەندی کوردستان

٣. ناوەندی ئاماری ئێران بۆ ساڵی ٢٠١١

نەورۆز لە شیعری کوردیدا

هێمن موکریانی

لە دنیادا کەمە هاوتای بەهاری
جوانی کوردستان
ئەویش ئەوساڵ کە لاییکی
نەجاتی بوو لە ژێر دەستان
لە خۆشی ئەم ولاتە شاعیریش
بۆتە هەزاردەستان
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە
جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا
من جێژنە پیرۆزە

ئەحمەدی خانی

بیلجوملە دەچوونە دەر
ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە
پیر و کالان
ڕۆژا کو دەبوویە عیدێ
نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما
دل ئەفرۆز

ماموستا حەقیقی:

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وە بیرت دێ چمان دی دوێ
زوو ڕاپەڕن مەبن شلوێ

مەولەوی:

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

وەفایی:

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبەری هێنا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە
سەلا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

نالی:

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چوونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

هەژار:

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

ژیلا حسەینی:

وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائەسپاری
کانی و ڕووبار وەک ساڵی پار
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقە و ملوانک بۆ مل کۆسار
زۆر بەپرتاو نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دەستی بەسەرخاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:697 20 mar 2017

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

نەورۆز

هێمای ژیانەوە و پێکەوە بوونمان

پیرۆز